وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر

کۆلێژی ئاداب

بەشی کۆمەڵناسی - ئێواران

# کۆمەڵناسیی ڕاگەیاندن

مامۆستای بابەت

ڕێباز عزیز محمدامین

2024 - 2023

# ناوەڕۆک


**بەشی یەکەم؛ کۆمەڵناسیی و کۆمەڵناسیی ڕاگەیاندن**.............(1)

یەکەم: پێشینەیەکی مێژوویی سەبارەت بە کۆمەڵناسیی و کۆمەڵناسیی ڕاگەیاندن.............(1)

دووەم: پێناسەی کۆمەڵناسی و کۆمەڵناسیی ڕاگەیاندن.............(4)

سێیەم: ئامانجەکانی کۆمەڵناسیی و پەیوەندییان بە پەیامی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە.............(5)

چوارەم: ڕاگەیاندن وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی.............(8)

پێنجەم: ڕاگەیاندن وەک دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی.............(10)

**بەشی دووەم؛ پێناسەی ڕاگەیاندن و ئەرکەکانی لەکۆمەڵگادا**.............(13)

یەکەم: پێناسەی ڕاگەیاندن.............(13)

دووەم: ئەرکەکانی ڕاگەیاندن لە کۆمەڵگادا.............(14)

**بەشی سێیەم؛ بوارەکانی گرنگیپێدانی کۆمەڵناسیی ڕاگەیاندن**.............(19)

باسی یەکەم: ڕاگەیاندن و بەکۆمەڵایەتیبوون.............(19)

باسی دووەم: ڕاگەیاندن و گرفتە کۆمەڵایەتییەکان.............(22)

باسی سێیەم: ڕاگەیاندن و ئاڕاستە کۆمەڵایەتییەکان.............(25)

باسی چوارەم: ڕاگەیاندن و کۆمەڵگای مەدەنی.............(31)

باسی پێنجەم: ڕاگەیاندن و ئافرەت.............(34)

باسی شەشەم: ڕاگەیاندن و گەندەڵی.............(39)

## بەشی یەکەم

## کۆمەڵناسیی و کۆمەڵناسیی ڕاگەیاندن

**یەکەم: پێشینەیەکی مێژوویی سەبارەت بە کۆمەڵناسیی و کۆمەڵناسیی ڕاگەیاندن.**

هەرچەندە شێوازی ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤ و دیاردە و ڕووداوە کۆمەڵایەتییەکانی ناو کۆمەڵگاکان، لەکۆنەوە جێگای بایەخپێدانی پێغەمبەران و، دواتریش بیرمەند و فەیلەسوفانی یۆنانی بووە، بەڵام لەبەرئەوەی لەژێر ناوی کتێبی پیرۆز و فەلسەفەوە ئاماژەیان پێدراوە، بۆیە لەو سەردەمیدا؛ هەوڵەکان نەچوونەتە ژێرباری زانستێکی سەربەخۆ بەناوی (زانستی کۆمەڵناسی).

بۆیە لەبارەی سەرەتاکانی دەرکەوتنی ئەم زانستەوە، دەتوانین بڵێین؛ تاوەکو ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم زانستێکی سەربەخۆ بەناوی زانستی کۆمەڵناسی بوونی نەبووە.

لەناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمیشدا زانا و بیرمەندی فەرەنسی ئۆگست کۆنت **(Auguste Comte)** یەکەم کەس دەبێ کەوا درک بەپێویستی بوونی زانستێکی سەربەخۆ بکات بۆ توێژینەوەی چالاکی و کاروبارە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگا، بۆ ئەم مەبەستەش؛ سەرەتا بۆ ناوی زانستەکەی (فیزیای کۆمەڵایەتی) دەستنیشاندەکات، بەڵام دواتر (ئۆگست کۆنت) لەژێر کاریگەری بیمەندی بەلجیکی ئەدۆلف کێتلی (**Adolf Quetelet**) ناوی زانستەکەی لە (فیزیای کۆمەڵایەتی)یەوە دەگۆڕێت بۆ (زانستی کۆمەڵناسی)، چونکە لە پێشووتردا (کێتلی) چەند توێژینەوەیەکی ئاماری لەژێر ناونیشانی فیزیای کۆمەڵایەتی**(Social Physic)** بڵاوکردبووە.

کەواتە زاراوەی کۆمەڵناسی بۆ یەکەمجار لەساڵی (**1839**) لەلایەن (ئۆگست کۆنت)ەوە بەکارهات، بەم هۆیەوە زۆرێک لە زانایان (ئۆگست کۆنت) بە دامەزرێنەر و باوکی کۆمەڵناسی ناودەبەن.

دواتر لەگەڵ بڵاوبوونەوەی بەرهەمەکانی (ئۆگست کۆنت)یشدا ڕوانگەیەکی سەربەخۆ لەبواری توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکان هاتە ئارا، بۆیە (ئۆگست کۆنت) بەردەوام خۆی بە دامەزرێنەری زانستێک دادەنا (کە بەبڕوای خۆی) زانستەکەی دەتوانێت یارمەتی مرۆڤ بدات لە درووستکردنی جیهانێکی باشتر کە لە پێشووتردا مرۆڤایەتی بەخۆی نەدیبێ و نەیناسیبێ.

سەرەڕای هەموو هەوڵ و بەرهەمەکانیشی (ئۆگست کۆنت) لە ڕەخنەی بیرمەندانی بوارەکەی بەدەرنەبووە، بەتایبەت لەوەی کە پێیانوابوو؛ ئۆگست کۆنت لەو کەسانە بووە کە لە دواوەی دەرگا داخراوەکان سەیری کۆمەڵگای کردووە.

بە پێچەوانەی ئەوەی باسیشکرا، هەندێک لە توێژەران؛ بیرمەندی عەرەب ئیبن خەلدوون (**Ibn-khaldun**) بەدامەزرێنەری زانستی کۆمەڵناسی دەزانن، ئەمیش بەو پێیەی؛ ئیبن خەلدوون یەکەمین کەس بووە ئاماژەی بەبابەتێکی سەربەخۆ بۆ توێژینەوەی کۆمەڵگا لەژێر ناونیشانی (ئاوەدانی مرۆیی) کردبێ.

لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتاکانی سەدەی بیستەمیشدا، قۆناغێکی نوێ لە کۆمەڵناسی دەستیپێکردووە، کە بە قۆناغی گەشەی خێرای زانستەکە ناودەبرێ. لەم قۆناغیدا چەند زانایەک ڕۆڵی گرنگیان لە گەشەپێدانی زیاتری کۆمەڵناسی بینی، یەکێک لەو زانایانەش؛ بیرمەندی فەرەنسی ئیمیل دۆرکهایم (**Emile Durkheim**) بووە، دۆرکهایم لە ساڵی (**1898**) گۆڤاری (کۆمەڵناسی فەرەنسی) بڵاودەکاتەوە، دواتر لەڕێگەی توێژینەوەی بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی وەک (هۆکارەکانی خۆکوشتن، بەها کۆمەڵایەتییەکان، شێوە سەرەتاییەکانی ژیانی ئایین، دابەشبوونی کاری کۆمەڵایەتی، ڕەفتاری کۆمەڵایەتی..هتد) گەشەی زیاتر بە زانستی کۆمەڵناسی دەدات.

لە وڵاتی ئەمەریکاش بەهۆی ئاڵۆزبوونی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و دەرکەوتنی کۆمەڵێک قەیرانی وەک (گرفتەکانی کۆچبەران و بڵاوبوونەوەی بێکاری و زۆربوونی هەژاری و بەرزبوونەوەی ڕێژەی تاوان و جیاوازی چینایەتی و...هتد) کە لێکەوتەی شۆرشی پیشەسازی و پەرەسەندنی ژیانی شارنشینی بوون، هەموو ئەمانە بوون بەهۆکار تاوەکو زانستی کۆمەڵناسی لە ئەمەریکا گرنگی و بایەخی تایبەتی پێبدرێت و، وەک کلیلێک بۆ چارەسەکردنی قەیران و گرفت و ئاڵۆزییە کۆمەڵایەتییەکانی وڵاتەکە سەیر بکرێت.

بەمشێوەیە کۆمەڵناسی ساڵ لە دوایی ساڵ، زیاتر گەشەیکرد و بە هەموو وڵاتانی جیهاندا بڵاوبووەوە و بوو بەجێگای گرنگیپێدانی زۆربەی زانکۆ و ناوەندە ئەکادیمییەکانی جیهان.

جگە لەو بیرمەندانەی باسیشکران، کۆمەڵێک بیرمەندی دیکەش ڕۆڵی گرنگ و کاریگەرییان لەگەشەپێدانی زانستەکەدا بینیوە، وەک (سانسیمۆن، کارل مارکس، هێربرت سبنسەر، ماکس ڤیبەر و ... هتد).

جا بەهۆی ئەوەی زانستی کۆمەڵناسی توێژینەوەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی نێو کۆمەڵگا دەکات و، کۆمەڵگاش بەردەوام لە گۆڕانکاری دایە، بۆیە میتۆد و بوار و بابەت و لقەکانی زانستەکەش بەردەوام لە دۆخێکی ناجێگیر و گۆڕانکاری و بەرەوپێشچوون دابووە.

بەمانایەکی دیکە، لەو کاتەوەی کۆمەڵناسی وەک زانستێکی سەربەخۆ دەرکەوتووە، تاوەکو ئێستا؛ بەهۆی بەردەوامی و پێشکەوتنی ژیانی کۆمەڵایەتی و دەرکەوتنی دیاردەی کۆمەڵایەتی نوێوە، زانستی کۆمەڵناسیش بوارەکانی توێژینەوەی فراوانتربووە و، بەهۆیەوە لقی نوێی وەک کۆمەڵناسی (خێزان، شار، لادێ، پیشەسازی، ئابووریی، تاوان، ئایین، دانیشتووان، وەرزش، ...هتد) لێبووەتەوە.

وەک ئاشکراشە، پێشکەوتن و گۆڕانکارییەکانی بواری تەکنەلۆژیا و دەرکەوتنی ئامرازە جیاوازەکانی ڕاگەیاندنیش، بەدەر نەبووە لەگرنگیپێدانی زانستی کۆمەڵناسی، بۆیە لەم چوارچێوەیەشدا؛ کۆمەڵناسی گشتی لقێکی دیکەی لێ جیابۆتەوە بەناوی کۆمەڵناسی ڕاگەیاندن ( **Sociology of Media**).

سەرەتاکانی گرنگیپێدانی کۆمەڵناسی بە پەیوەندی نێوان گەیاندنی جەماوەری و کۆمەڵگا، مێژوویەکی کۆنی هەیە و، بەر لەسەدەی بیستەم؛ لەلایەن بیرمەندانی وەک جۆن لۆک (**John Lock**) و چارلس کولی (**Charles Cooley**) و چەندانی دیکە، ئاماژەیان پێدراوە.

هەوڵەکانی (جۆن لۆک) بە سەرەتایەکی گرنگ دەزانرێ سەبارەت بەوەی کە دیاردەی گەیاندن (پەیوەندی) بە دیاردەی ڕاگەیاندن پەیوەستکردبێ، بەڵام لەبەرئەوەی نەیتوانیوە بیرۆکەیەکی ڕوون لەبارەی ئەو پەیوەندییە بخاتەڕوو، بۆیە بیرۆکەکانی زیاتر ئاڕاستەیەکی مرۆییان وەرگرتووە، چونکە (جۆن لۆک) پرۆسەکەی لەچوارچێوەی مێشک و زمان خستۆتەڕوو، کە پێیوابووە؛ خودا زمانی بە مرۆڤ بەخشیوە بۆ ئەوەی وەک بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی لەگەڵ یەکتردا لەپەیوەندی دابن.

جگەلە (جۆن لۆک)، (چارلس کولی)یش بە هەمانشێوە؛ وەک بیرمەندێکی کۆمەڵناسی لە کتێبەکەی بەناوی (ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی) هەوڵیداوە لە ڕێگەی چەمکی پەیوەندییەوە ئاماژەیەکیووردتر بە پەیوەندی نێوان گەیاندن و کۆمەڵگا بدات، بەتایبەت لەو کاتەی کە لەبارەی پێناسەی گەیاندندا دەڵێت؛ ئامرازەکانی گەیاندن سەرجەمی دەربڕینەکانی ڕووخسار و جوولە جەستەییەکان و وشە و نووسین و چاپ لەخۆدەگرێ.

بەر لەوەی (کۆمەڵناسیی ڕاگەیاندن) وەک لقێکی سەربەخۆ دەرکەوێ، هەموو ئەو هەوڵانەی باسکرا لە ڕوانگەی کۆمەڵناسی گشتیدا هەبووینە، دواتریش لەژێر کاریگەرییەکانی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا لەلایەک و، هەواڵ و زانیاری و پروپاگەندە سیاسییەکانی ماوەی نێوان جەنگەکانی یەکەم و دووەمی جیهانی و ئاسەوارییان لەسەر شێوازی ژیان و بیرکردنەوەی تاکەکان لەلایەکی دی، بوون بە هۆکارێک بۆ ئەوەی کۆمەڵناسی ڕاگەیاندن وەک لقێکی جیا لە کۆمەڵناسی گشتی لە کۆتایی ساڵانی چڵ و سەرەتاکانی ساڵانی پەنجاکانی سەدەی بیستەم دەرکەوێ.

لەسەرەتاکانی دەرکەوتنی کۆمەڵناسیی ڕاگەیاندنیشدا، کۆمەڵێک زانا و بیرمەندی دیاری وەک (ڕۆبێرت پارک، کورت لیڤین، هۆڤلاند، هارۆڵد لاسوێل لازار سفیل) ڕۆڵی کاریگەرییان لەپەرەپێدانی ئەم لقە زانستییەدا بینیوە.

**دووەم: پێناسەی کۆمەڵناسی و کۆمەڵناسیی ڕاگەیاندن.**

زاراوەی کۆمەڵناسی (Sociology) کە بۆ یەکەمین جار لە لایەن بیرمەندی فەڕەنسی ئۆگست کۆنت (Auguste Comte) ئاماژەی پێدرا، لە دوو بڕگەی یۆنانی پێکدێت، یەکەمیان؛ (Socio) بەمانای (کۆمەڵگا) و، بڕگەی دووەمیشیان؛ (logy) بەمانای (زانست)، کەوایە هەردوو بڕگە مانای (زانستی کۆمەڵگا) دەبەخشن.

وەک پێناسەش، زانستی کۆمەڵناسی هەر لە سەردەمی (ئۆگست کۆنت)ەوە تاوەکو ئێستا کۆمەڵێک پێناسەی جیاوازی بۆ خراوەتەڕوو، تەنانەت خودی (ئۆگست کۆنت و ئیمیل دۆرکهایم)یش کە بە دامەزرێنەرانی زانستەکە هەژماردەکرێن، زیاد لە پێناسەیەکیان بۆ زانستەکە خستۆتەڕوو.

بۆ نموونە ئۆگست کۆنت لە لایەک پێیوایە؛ کۆمەڵناسی زانستی دیاردە کۆمەڵایەتییەکانە و، لە لایەکی دیکەشەوە دەڵێت؛ کۆمەڵناسی زانستێکە توێژینەوەی کۆمەڵێک بابەتی دەستنیشانکراوی پەیوەست بە دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان دەکات.

ئیمیل دۆرکهایمیش بە هەمان شێوەی (ئۆگست کۆنت) پێیوابوو؛ کۆمەڵناسی زانستی دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانە و توێژینەوەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگا دەکات.

ئیدوارد ڕۆس (E. Ross) ی زانای ئەمەریکی و، هەروەها هێربەرت سپنسەر (Herbert Spencer) ی بیرمەندی بەریتانیش بەهەمان شێوەی ئۆگست کۆنت و دۆرکهایم پێیانوابووە؛ کۆمەڵناسی زانستی توێژینەوەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکانە.

هنری گیدنگیز (H. Giddings) و لیستر وارد (L. Ward) ی ئەمەریکیش دەڵێن؛ کۆمەڵناسی توێژینەوەیەکی زانستییانەی کۆمەڵگایە. لە لایەکی دیکەوە، کۆمەڵناسی ئەڵمانی ماکس ڤێبەر ( Max Weber) دەڵێت؛ کۆمەڵناسی زانستی توێژینەوەی ڕەفتاری کۆمەڵایەتییە، ڕەفتاری کۆمەڵایەتیش پەیوەستە بە ژینگەی کۆمەڵایەتی و ڕووداوەکانی نێو خودی کۆمەڵگاکان.

لەچوارچێوەی ئەو پێناسانەشی خرانەڕوو، لەپێناو دەستنیشانکردنی پێناسەیەکی گشتگیر بۆ زانستی کۆمەڵناسی دەتوانین بڵێین؛ کۆمەڵناسی توێژینەوەیەکی زانستی دیاردە و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگایە، بەتایبەت پەیوەندی و کارلێک و ڕەفتاری نێوان تاکەکانی.

ئەمە سەبارەت بە خستنەڕووی پێناسە و مانای کۆمەڵناسی، ئەی کەوایە کۆمەڵناسیی ڕاگەیاندن چییە؟

کۆمەڵناسیی ڕاگەیاندن لقێکە لە لقەکانی کۆمەڵناسی گشتی، وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیی و دامەزراوەیەکی پەیوەست بەکۆمەڵایەتیبوون (پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی) تاکەکان، توێژینەوەی ڕاگەیاندن و ئامرازەکانی دەکات.

**سێیەم: ئامانجەکانی کۆمەڵناسیی و پەیوەندییان بە پەیامی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە.**

ئامانجی سەرەکی کۆمەڵناسی لە کۆمەڵگادا، بریتییە لە ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی دەربارەی گرفت و رووداو و چالاکی و دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگا، لەم چوارچێوەیەشدا؛ ئامانجەکانی کۆمەڵناسی زۆر و بەرفراوانن، بەڵام دەکرێ گرنگترینیان لەم خاڵانەی خوارەوەدا کورت بکەینەوە:

1. گرنگیدان بەتوێژینەوەی پرۆسەی هاوسەرگیری و پێکهێنانی خێزان و خستنەڕووی هۆکاری گرفتە خێزانییەکانی وەک توندوتیژیی و لێکجیابوونەوە و کاریگەرییان بەسەر منداڵ و ئافرەت و پیاو و کۆمەڵگا بەگشتی.

2. گرنگیدان بەتوێژینەوەی شێوازی ژیانی لادێنشینان و گرفتەکانی پەیوەست بە بواری نەخوێندەواری و تەندروستی ودەستنیشانکردنی هۆکارەکانی کۆچکردنیان بۆ شار وکاریگەرییان بەسەر شێوازی ژیانی شارنشینان.
3. گرنگیدان بەتوێژینەوەی پڕۆسەی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتیی و دیارکردنی ئامرازەکانی پڕۆسەکە و دەستنیشانکردنی ڕۆڵیان لە کۆنترۆڵکردنی ڕەفتاری تاکەکانی کۆمەڵگا و هێنانە ئارای سەقامگیری کۆمەڵایەتی.
4. گرنگیدان بەتوێژینەوەی ژینگە و دەستنیشانکردنی هۆکارەکانی پیسبوونی ژینگە و گرنگیدان بەو ئامرازانەی هۆکارن بۆ بڵاوبوونەوەی هوشیاریی ژینگەیی.
5. گرنگیدان بەتوێژینەوەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و، دەستنیشانکردنی ڕۆڵی هەریەک لەم ڕێکخراوانە لە پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و هێنانە ئارای کۆمەڵگایەکی دیموکرات و شارستانی.
6. گرنگیدان بەتوێژینەوەی دانیشتوان و ڕاڤەکردنی گرفت و ڕووداو و دیاردە دانیشتوانییەکانی وەک کۆچکردن و لەدایکبوون و مردن و زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان و... هتد.
7. گرنگیدان بەتوێژینەوەی تاوان و ڕەفتاری لادەرانەی تاکەکانی کۆمەڵگا و، خستنەڕووی کاریگەریی ژینگەیی کۆمەڵایەتی بەسەر ڕەفتارە تاوانکارییە جیاوازەکانی تاکەکانەوە.
8. گرنگیدان بەتوێژینەوەی سیستەمی پەروەردە و فێرکردن و، ڕاڤەکردنی هۆکارەکانی نەخوێندەواری و وازهێنانی نەوجەوانان لەپرۆسەی خوێندن و دەستنیشانکردنی کاریگەرییەکانی پرۆسەی پەروەردە لەسەر بنیادنانی کۆمەڵگایەکی پێشکەوتووخواز.
9. گرنگیدان بەتوێژینەوەی لاوان و خستنەڕووی ڕۆڵ و پێگەیان لە بەرەو پێشچوونی کۆمەڵگا و، هەروەها دەستنیشانکردنی ئەو ئاستەنگانەی ڕێگرن لەبەردەم ڕۆڵبینینیان.
10. گرنگیدان بەتوێژینەوەی ئایین و پێکەوە ژیانی ئایینی نێوان پێکهاتە و کەمینە ئاینییە جیاوازەکان و خستنەڕووی ڕۆڵی بەها ئایینییەکان لە دیاریکردنی ڕەفتار و کارلێکی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگا.
11. گرنگیدان بەتوێژینەوەی ڕاگەیاندن و ئامرازە جیاوازەکانی وەک دیاردە ودامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی و دەستنیشانکردنی ڕۆڵی لەپڕۆسەی بەکۆمەڵایەتیبوونی تاکەکاندا.
12. گرنگیدان بەتوێژینەوەی کەرتی تەندروستی و ڕاڤەکردنی پەیوەندی نێوان پزیشک و نەخۆش و کارمەندانی نەخۆشخانە و خزمەتگوزارییەکانی.

13. گرنگیدان بەتوێژینەوەی گرفتە کۆمەڵایەتییەکانی وەک بێکاری، هەژاری، نەخوێندەواری، ئالودەبوون بە مادە هۆشبەرەکان، سواڵکردن ...هتد.
14. گرنگیدان بەتوێژینەوەی جێندەر و بابەتەکانی پەیوەست بە ئافرەتان، دەستنیشانکردنی ئاستەنگەکانی بەردەم بەشداری کۆمەڵایەتیی و سیاسی ئافرەتان و، هەروەها خستنەڕووی هۆکار و کاریگەرییەکانی سواڵکردن و گێچەڵی سێکسی و لەشفرۆشی و...هتد.
15. گرنگیدان بەتوێژینەوەی ڕەوشی ئابووری کۆمەڵگا و ڕاڤەکردنی پڕۆسەکانی بەرهەمهێنان و دابەشکردن و بەکاربردن، هەروەها دەستنیشانکردنی گرفتەکانی بەرهەمهێنان و کاریگەرییان لەسەر شێوازی ژیانی کۆمەڵایەتی تاکەکان و بەدواداچوونی گرفتەکانی کرێکاران و مافەکانیان.
16. گرنگیدان بەتوێژینەوەی ژیانی سیاسی کۆمەڵگا و، ڕاڤەکردنی پەیوەندی تاکەکان بە کاروبارە سیاسییەکانەوە، هەروەها شیکردنەوەی ململانێ و کێبرکێ و فشارە سیاسییەکان لەسەر کۆمەڵگا و ڕاڤەکردنی ڕۆڵی گرووپەکانی فشار لەهێنانە ئارای سەقامگیری کۆمەڵایەتیی و سیاسیی و چەسپاندنی بنەماکانی دیموکراسی.

هەموو ئەو بابەتانەی کە باسکران، جگە لەوەی ئامانجی سەرەکی گرنگیپێدانی توێژینەوەکانی زانستی کۆمەڵناسین، لە هەمان کاتدا دەکرێ وەک پەیامی ئامرازە جیاوازەکانی ڕاگەیاندنیش سەیربکرێن، بۆ نموونە خستنەڕووی ژیانی لادێنشینان و ئاماژەدان بەو گرفتانەی کە هۆکارن بۆ کۆچکردنیان لە لادێکانەوە بۆ شار، دەکرێ وەک پەیامێکی کاریگەر لەلایەن ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە کاری لەسەربکرێت و، لەڕێگەیەوە حکومەت و وەزارەتە پەیوەندارەکانی لێ بەئاگا بهێنرێ تا خزمەتگوزاری زیاتر و باشتر پێشکەش بە لادێنشینان بکرێت و، لادێنشینانیش واز لەبیرۆکەی کۆچکردن بەرەو شار بێنن و برەو بە بەروبومی ناوەخۆیی لادێکان بدەن (ئەمە وەک نموونە)، یاخود توندوتیژییە خێزانییەکان و لێکجیابوونەوەی نێوان هاوسەران، کە گرفتێکی کۆمەڵایەتی بەربڵاوی کۆمەڵگاکانە، دەکرێ ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لەڕێگەی میوانداریکردنی پسپۆڕ و شارەزایانی بوارەکەوە، مەترسییەکانی ئەم گرفتە کۆمەڵایەتییانە بخەنەڕوو، تاوەکو تاکەکانی کۆمەڵگا هوشیارانەتر مامەڵە لەگەڵ گرفت و کێشە کۆمەڵایەتییەکانیان بکەن.

**چوارەم: ڕاگەیاندن وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی**

سەرەتا بەر لەوەی باس لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان بکەین، گرنگە بزانین؛ چەند جۆر دیاردە بوونیان هەیە، بەشێوەیەکی گشتی دیاردەکان دابەشی سەر دوو جۆر دەبن:

1. دیاردە سروشتییەکان: وەک دیاردە گەردوونیەکان کە لە شێوەی مانگگیران و خۆرگیران، دیاردە فیزیاوییەکانی پەیوەست بە جۆر و قەبارەی ماددەکان، هەروەها دیاردە کیمیاوییەکانی پەیوەست بە کارلێکی نێوان توخمە جیاوازەکان...هتد، لەخۆدەگرێ.
2. دیاردە مرۆییەکان: مەبەست لە دیاردە مرۆییەکان بریتین لە دیاردە بایۆلۆژییەکانی پەیوەست بە جەستەی مرۆڤ، یاخود دیاردە دەروونییەکانی پەیوەست بە ڕەفتاری تاک و زیرەکی و لایەنەکانی دیکەی پەیوەست بەلایەنی سۆزداری و هەڵچوونی، هەروەها دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی وەک هەژاری، بێکاری، کۆچکردن، هاوسەرگیری... هتد، دەگرێتەوە.

کەواتە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان لە کۆمەڵەی ئەو دیاردە مرۆییانەن کە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە مرۆڤەوە هەیە، وەک لە پێشووتریشدا ئاماژەمان پێیدا؛ دیاردە کۆمەڵایەتییەکان بابەتی سەرەکی توێژینەوەکانی کۆمەڵناسین.

وەک پێناسەش، دیاردە کۆمەڵایەتییەکان ڕووداو یاخود واقعێکە کە دەتوانرێ بەچاو ببینرێت و هەست بەبوونی بکرێت، کاریگەریشی بەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگاکانەوە هەبێ، وەک تاوان، خێزان، هاوسەرگیری، جیابوونەوە..هتد.

لەکۆمەڵگاکانیشدا دیاردە کۆمەڵایەتییەکان بەوە بوونی خۆیان سەلماندووە کە لە ژیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگاوە سەرچاوەیان گرتووە، هەر لەبەرئەمەشە؛ سیفەتی کۆمەڵایەتییان پێبەخشراوە.

(ئیمیل دۆرکهایم)ی فەرەنسیش، یەکێک بووە لەو بیرمەندانەی زیاد لە هەر بیرمەندێکی دیکە باسی ناوەڕۆک و تایبەتمەندی دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی کردبێ، بەتایبەت لە کتێبەکەی بەناوی (ڕێساکانی میتۆد لەکۆمەڵناسیدا).

بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییەشی کە ڕاگەیاندن دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، لە ڕێگەی خستنەڕووی تایبەتمەندی دیاردە کۆمەڵایەتییەکانەوە هەوڵدەدەین ئەم ڕاستییە بخەینەڕوو:

1. دیاردە کۆمەڵایەتییەکان مرۆڤایەتیین: واتە کۆی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان لەنێو کۆمەڵگای مرۆڤایەتی سەرهەڵدەدەن و پەیوەستن بە ژیانی کۆمەڵایەتیی مرۆڤەکانەوە، ڕاگەیاندن و ئامرازەکانیشی بەهەمان شێوەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەی کۆمەڵگا؛ پەیوەستن بە مرۆڤ و کاریگەریش دەخەنە سەر ڕەفتاری کۆمەڵایەتی تاکەکانی کۆمەڵگاوە.
2. دیاردە کۆمەڵایەتییەکان بە زۆرییە (حەتمین): واتا خۆسەپێنن و تاکەکانی کۆمەڵگا ناچار دەکەن پێوەی پابەند بن، پەیامی ڕاگەیاندنیش بەهەمان شێوە خۆسەپێنە، ڕەنگە هەندێکجار (وەرگر) نەیەوێت بینەری پەیامی ڕاگەیاندن بێت لەتەلەڤزیۆن، بەڵام لە ئۆتۆمبێلەکەی یاخود لە ناو پاس گوێبیستی پەیامی بیستراو (ڕادیۆ) دەبێ، یاخود لەشەقامەکانەوە ڕیکلامە بازرگانییەکان، یاخود بانگەشەی هەڵبژاردنی پارتە سیاسییەکانی بەرچاو بکەوێ و پێوەی کاریگەریش بێت.
3. دیاردە کۆمەڵایەتییەکان گشتگیرن: واتە بە تەنیا پەیوەست نین بە کۆمەڵگایەکی دیاریکراوەوە، بەڵکو گشتگیرن و لە زۆربەی کۆمەڵگا مرۆڤایەتییەکان بوونیان هەیە، هەروەها لە نێو کۆمەڵگایەکی دیاریکراویشدا؛ دیاردە کۆمەڵایەتییەکان تەنیا پەیوەست نین بە توێژێکی دیاریکراوەوە، بەڵکو زۆرینە چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگا بەرکەوتنیان لەگەڵیدا دەبێ، ڕاگەیاندنیش بە هەمان شێوە؛ تەنیا تایبەت نییە بە کۆمەڵگایەکی دیاریکراوەوە، بەڵکو لەزۆرینەی کۆمەڵگا مرۆڤایەتییەکان ڕاگەیاندن بوونی هەیە، هەروەها لەنێو کۆمەڵگایەکی دیاریکراویشدا؛ بە تەنیا پەیوەست نییە بە چین و توێژێکی دیاریکراوە، بۆ نموونە پەیامی ڕاگەیاندن تەنیا ئاڕاستەی چینی هەژار یاخود مامناوەند، یان دەوڵەمەند، یاخود توێژی قوتابی و خوێندکار، یان منداڵ و ئافرەت ناکرێت، بەڵکو پەیامەکە، پەیامێکی گشتگیرە و ئاڕاستەی سەرجەم چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگا دەکرێت.
4. دیاردە کۆمەڵایەتییەکان بەردەوامن: واتە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان مێژووییەکی کۆنیان هەیە و بەپێی قۆناغە جیاوازەکانی مێژووش، سەرباریی گۆڕانکارییەکان، بەرەوامیان هەبووە، ئامرازەکانی ڕاگەیاندنیش بەهەمان شێوە؛ مێژووییەکی دێرینی هەیە و سەرباری ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەریاندا هاتووە، بەردەوامیان هەیە.
5. دیاردە کۆمەڵایەتییەکان ڕێژەیین: واتە لەڕووی ئەرک و ڕۆڵبینینیانەوە لە هەموو کۆمەڵگاکان بەیەک ئاست ڕۆڵیان ناگێڕن، بەڵکو لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی دیکە؛ ئەرک و ڕۆڵیان گۆڕانکاری بەسەرردادێت، بۆ نموونە ئەرکی خێزان لە کۆمەڵگایەکی هاوچەرخ جیاوازە لەگەڵ ئەرکی خێزانێک کە لە چوارچێوەی کۆمەڵگایەکی نەریتیدا بێت، ئامرازەکانی ڕاگەیاندنیش

بەهەمانشێوە؛ ئەرک و ڕۆڵی لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی دی دەگۆڕێت، بۆ نموونە ئەو کۆمەڵگایانەی کە ئازادیيە ڕۆژنامەوانییەکانیان تیادا فەراهەمکراوە، دەبینرێ ڕاگەیاندن ئەرک و ڕۆڵی گرنگتر لە ئەستۆدەگرێ، بە بەراوورد لەگەڵ ئەو کۆمەڵگایانەی دیکتاتۆر و خۆسەپێن و ڕێگرن لەبەردەم ئازادییە ڕۆژنامەوانییەکان.

6. دیاردە کۆمەڵایەتییەکان دینامیکین: واتە بەردەوام لە جوولە و گۆڕانکاری و کارلێک لەگەڵ دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەی کۆمەڵگادان. ئامرازەکانی ڕاگەیاندنیش بە هەمانشێوە؛ هەر کۆنەوە لە گۆڕانکاریی و پێشکەوتن دابووە، سەرەتا پەیامەکان لەڕێگەی ئەسپەکان یاخود بلندگۆکانەوە گەیەندراون بە خەڵک، دواتر لەگەڵ دەرکەوتنی ئامێری چاپ؛ کتێب و ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بوونە بە ئامرازی گەیاندنی پەیام بۆ جەماوەرێکی بەرفراوانتر، دواتر قۆناغ لە دوایی قۆناغ ئامرازەکان پێشکەوتنیان بەخۆیانەوە بینیوە و لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانەوە بۆ ڕادیۆ و لەوێشەوە بۆ تەلەڤزیۆن و کەناڵە ئاسمانییەکان و، لە ئێستاشدا ڕاگەیاندنی نوێ کە بە ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەناسرێن، پێشکەوتووە.

**پێنجەم: ڕاگەیاندن وەک دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی**

دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان بریتین لە کۆمەڵێک ڕێسا و دیسپلین (ڕێککاری) کە ڕەفتار و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە کۆمەڵگادا دیاردەکەن.

دامەزرێنەر وباوکی کۆمەڵناسی (ئۆگست کۆنت) لە چەند بوار و لایەنێکی جیاواز ئاماژەی بە دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان کردووە، بەتایبەت لەو کاتانەی کە باسی لە دامەزراوەکانی وەک؛ خێزان و پەروەردە و ئابووری دەکات.

(ئیمیل دۆرکهایم)یش وەک بیرمەندێکی ناسراوی کۆمەڵناسی، زانستی کۆمەڵناسی بە زانستی دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان ناساندووە.

(هێربرت سبنسەر)یش لەکتێبەکەی بەناوی (پرەنسیپەکانی کۆمەڵناسی) بەووردی باسی دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی کردووە و پێیوابووە؛ دەتوانین دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان بە دەزگایەک بچوێنین کە کۆمەڵێک ئەرکی گرنگ بۆ کۆمەڵگا لەئەستۆ دەگرن.

لەلایەکی دیکە، (گۆڵدنەر)یش لەکتێبەکەی بەناوی (کۆمەڵناسی هاوچەرخ) پێیوابووە؛ دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان کۆمەڵێک ڕێگان کە کۆمەڵگاکان بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانیان دەیگرنەبەر.

(چارلس کولی) بیرمەندی ئەمەریکیش دەڵێت؛ دامەزراوەکان کۆمەڵێک پێوەری ئاڵۆزن کە کۆمەڵگاکان بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانیان بەڕێگەیەکی ئەقڵانی و ڕێکخراو دەیگرنەبەر.

هیچ دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتیش لەخۆیەوە لەدایک نابێ، بەڵکو بوونی کۆمەڵێک ئەرک هۆکار دەبێ بۆ دەرکەوتنی هەر دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی، بەشێوەیەکی گشتیش دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵیان بریتیی دەبێت لە جێگیرکردنی ڕەفتارە گونجاوەکان بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکە سەرەکییەکانی کۆمەڵگا.

جا بۆ ئەوەی ڕوونتر بیسەلمێنین کەوا ڕاگەیاندن دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتییە، هەوڵدەدەین لەڕێگەی خستنەڕووی تایبەتمەندی دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانەوە ئەم ڕاستییە بسەلمێنین:

1. دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان خاوەن هێما و ناونیشانی تایبەت بەخۆیانن، ئەمەش لەپێناو ناساندنی پێگە و زیاتر پەیوەستکردنی ئەندامانییەتی بە دامەزراوەکەوە، ئامرازەکانی ڕاگەیاندنیش بە هەمانشێوەن و هەریەکێکیان خاون هێما (لۆگۆ) و ناونیشان و درووشمی تایبەت بە خۆیانن.
2. دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان خاوەن ئامانجی تایبەت بە خۆیانن و، ئامانجی سەرەکی و هاوبەشی سەرجەم دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانیش؛ بریتییە لە دابینکردنی پێداویستییەکانی ژیانی تاکەکان لەکۆمەڵگا. ئامرازەکانی ڕاگەیاندنیش بەهەمانشێوەن؛ دەبینین هیچ دامەزراوەیەکی ڕاگەیاندن بەبێ بوونی ئامانج دانامەزرێ، بۆ نموونە ئەگەر ئەرکی پێدانی هەواڵ و زانیاری وەک ئامانجێکی ڕاگەیاندن سەیر بکەین، دەبینین هەواڵ و زانیارییەکان لەپێداویستییە گرنگەکانی مرۆڤن بۆ تێگەیشتن لەڕووداوەکانی ژیانی ڕۆژانەیان و خۆگونجاندنیان لەگەڵ ژینگەی دەورووبەر.
3. دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان خاوەن یاسا و دیسپلینی تایبەت بەخۆیانن، کە لەڕێگەیانەوە پێگەکان دیاردەکرێن و ڕۆڵەکانیش لەنێوان ئەندامان دابەش دەبن. لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندنیشدا بەهەمانشێوە؛ دەبینین هەر دامەزراوەیەکی ڕاگەیاندن کۆمەڵێک ڕێکخستن و ڕێسا و مەرجی تایبەت بەخۆی هەیە و، لەڕێگەیەوە ئەرک و مافی ڕاگەیاندنکاران دیاردەکرێ.
4. کۆی دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگا لەژێر هەژموون و کاریگەریی هەڵبەز و دابەزی بارودۆخی ئابووری کۆمەڵگادان، بۆ نموونە جێگیریی بارودۆخی ئابووری خێزان ڕەنگە

هۆکاریکبێ بۆ بەختەوەری خێزان، بە پێچەوانەشەوە؛ خراپی دۆخی ئابووری ڕەنگە ببێتە مایەی لێکهەڵوەشانەوەی خێزان، هەمان بابەت بۆ دامەزراوەی ڕاگەیاندن بەهەمان شێوەیە؛ بوونی گرفتی دارایی و دابیننەکردنی کوژمەی گرێبەستی کەناڵ و موچەی کارمەندانی دامەزراوەیەکی ڕاگەیاندن، ڕەنگە ببێتە هۆکارێک بۆ هەڵوەشاندنەوە و داخستنی دامەزراوەکە، یاخود زۆرجار نەبوونی سەرچاوەیەکی ئابووری سەربەخۆ ڕەنگە هۆکاربێ بۆ ئەوەی دامەزراوە میدیاییەکە نەتوانێ وەک پێویست ئەرکی بێلایەنی و سەربەخۆیی خۆیی بپارێزێ.

## بەشی دووەم

## پێناسەی ڕاگەیاندن و ئەرکەکانی لەکۆمەڵگادا.

**یەکەم: پێناسەی ڕاگەیاندن.**

لەزمانی کوردیدا، چەمکی ڕاگەیاندن بەرامبەر بە چەمکی (إعلام)ی زمانی عەرەبی و، چەمکی (Media) ی زمانی لاتینیدا بەکاردێت، لەزمانی ئینگلیزیشدا بەرامبەر بە چەمکی (Press) بەکارهاتووە.

ڕاگەیاندن بریتییە لەگواستنەوەی زانیاری یان هەواڵ لە کەسێکەوە یان لایەنێکەوە بۆ کەسێک یاخود لایەنێکیتر و جۆرێکە لە جۆرەکانی پەیوەندی، بەمەبەستی ڕازیکردنی جەماوەر و گۆڕینی ڕێڕەویان بۆ بەرژەوەندی گشتی.

بە گوزارشتێکی دی، ڕاگەیاندن بریتییە لە بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاری و بیروڕا و مەعریفە و ئەزموونەکان بۆ جەماوەر بەشێوازی زارەکی، یاخود بە بەکارهێنانی ئامرازی تر، بەمەبەستی باوەڕپێهێنان و کاریگەری خستنەسەر رەفتاریان.

ڕاگەیاندن چەمکێکی فراوانە، کۆمەڵێک ئامرازی جیاواز لەخۆدەگرێ، دەکرێ ڕاگەیاندن بۆ ئەم ئامرازانەی خوارەوە پۆلین بکەین:

1. **ڕاگەیاندنی خوێندراو:** مەبەست لە ڕاگەیاندنی خوێندراو، هەر یەکە لە (ڕۆژنامە، گۆڤار، namilکە، کتێب) لە خۆدەگرێت، سەرەڕای پێشکەوتنەکانی بواری تەکنەلۆژیا، بەڵام تاوەکو ئێستا ئەم ئامرازەی ڕاگەیاندن گرنگی خۆی لەدەست نەداوە و توانیویەتی بەردەوامی بە پەیامەکەی بدات و کاریگەری لەسەر ئاڕاستەکردنی وەرگرانی درووستبکات.
2. **ڕاگەیاندنی بیستراو:** مەبەست لە ڕاگەیاندنی بیستراو، واتە ڕادیۆ، ڕادیۆ جیاواز لە ڕاگەیاندنی خوێندراو (ڕۆژنامە، گۆڤار) دەتوانێ کاریگەری لەسەر توێژی نەخوێندەواریش درووستبکات، هەروەها پێشکەوتنە تەکنەلۆژییەکان ئاسانکاری زیاتری بۆ گواستنەوەی پەیامی ڕادیۆ هێناوەتە ئارا و بەهۆیەوە دەتوانرێ پەخشی ڕادیۆ بگەیەنرێتە دوورترین مەودا.
3. **ڕاگەیاندنی بینراو:** مەبەست لە ڕاگەیاندنی بینراو، واتە تەلەڤزیۆن و کەناڵە ئاسمانییەکان، ئەم ئامرازانە بە یەکێک لە کاریگەرترین ئامرازەکانی ڕاگەیاندن دادەنرێن، چونکە تەلەڤزیۆن و کەناڵە ئاسمانییەکان کار لەسەر پیشاندانی وێنە و ڤیدیۆی ڕووداوەکان دەکەن، وێنە و ڤیدیۆی

ڕووداوەکانیش کار دەکەنە سەر دوو لە کاریگەرترین هەستەوەرەکانی مرۆڤ، کە ئەمانیش بیستن و بینین، بۆیەش پەیامی ئەم ئامرازە بەپەیامێکی کاریگەرتر لە پەیامی هەر یەک لە ڕاگەیاندنی خوێندراو و بیستراو (ڕۆژنامە و ڕادیۆ) هەژماردەکرێت.

4. **ڕاگەیاندنی نوێ**: مەبەست لە ڕاگەیاندنی نوێ، واتە سایت و پێگە ئەلیکترۆنی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ئینتەرنێت بەگشتی، دەرکەوتنی ئەم ئامرازەی ڕاگەیاندن، ئاسانکارییەکی گەورەی بۆ ڕاگەیاندن و ڕاگەیاندنکاران هێناوەتەکایەوە، جگە لەوەی کە خودی ئامرازەکە دەتوانێ سەرجەم ئامرازەکانی دیکەی ڕاگەیاندن لەخۆبگرێت (واتە وەک ڕۆژنامە و گۆڤار و ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن و کەناڵە ئاسمانییەکان) پەیامەکانی ئاڕاستەی وەرگرانی بکات، لە هەمان کاتدا؛ ئەرکی گەیاندنی هەواڵ و زانیارییەکانی خێراتر کردووە.

**دووەم: ئەرکەکانی ڕاگەیاندن لە کۆمەڵگادا.**

ئەرکەکانی ڕاگەیاندن لەکۆمەڵگا، کۆمەڵێک ئەرکی هێجگار گرنگ و هەستیارن، ئەرکەکان بە ڕادەیەک گرنگ و هەستیارن؛ زۆرێک لەولاتان لەپێناو بەدەستهێنانی ئامانجە نێوەخۆیی و دەرەکییەکانیان، وەزارەت و بەرێوەبەرایەتی تایبەت بە ڕاگەیاندنیان دامەزراندووە، جا مەبەستی وڵاتان لەم گرنگیپێدانە؛ لەپێناو بەدەستهێنانی ئامانجە ناوەخۆییەکانی وەک بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری تاکەکان و گەشەپێدانی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری ناوەخۆیان بێت، یاخود لەپێناو بەدەستهێنانی ئامانجە دەرەکییەکانی وەک ناساندنی مێژوو و شارستانیەتی میللەت و گەیاندنی پەیامی حکومەت لەبارەی پرسە نێودەولەتییەکان.

بیرمەندی ئەمەریکی هارۆلد لاسوێڵ (Harold Lasswell) لە بارەی ئەرکەکانی ڕاگەیاندنەوە، دەڵێت؛ ئامرازەکانی ڕاگەیاندن جگە لە ئەرکی چاودێریکردن و پاراستنی ژینگە و، بەیەکەوە بەستنەوەی یەکەکانی کۆمەڵگا، هەروەها ئەرکی گواستنەوەی کولتوور و کەلەپووری کۆمەڵگاکەشی لەئەستۆدایە.

کۆمەڵناسی ئەمەریکی چارلس ڕایت میلز (Charles Wright Mills)یش، جگە لە دیاریکردنی ئەرکی گواستنەوەی هەواڵ و زانیاری و ڕێکخستن لەسەر بنەمای کاردابەشکردن، ئاماژە بە ئەرکی ئاڕاستەکردنی جەماوەریش دەکات و پێیوایە؛ ئاڕاستەکردنی جەماوەرێکی بەرفراوان و جیاواز لە ڕووی تەمەن و ئاستی ڕۆشنبیری و ئاڕاستە و ئینتیمای جیاوازییان، ئەرکێکی دیکەی گرنگی ڕاگەیاندنە کە لەچوارچێوەی کۆمەڵگاکەیدا لە ئەستۆیدەگرێ.

لە لایەکی دیکەوە، (لیزلی مۆلەر)یش جگە لەدیاریکردنی ئەرکی (هەواڵ و راڤەکاری و خۆشی و بازارکاری لەڕێگەی ڕیکلام و خولقاندنی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و چاودێری و فێرکردن و پێشکەشکردنی نموونەی کۆمەڵایەتی ئەرێنی)، پێوایە؛ بە ئامانجی هاوکاریکردن بۆ یەکخستنی کۆمەڵگا، ڕاگەیاندن ئەرکی بەکۆمەڵایەتیبوونی تاکەکانی کۆمەڵگای لە ئەستۆدایە و لەڕێگەی چاندنی بەها هاوبەشەکانەوە ئەم ئەرکەی بەجێدەگەیەنێت.

بەپێی تێروانینی بیرمەند و زانایانی ڕاگەیاندن و کۆمەڵناسی بێت، ئەرکەکان فراوان و هەمەچەشنن، بۆیە لەم باسەدا هەوڵدەدەین کۆی ئەرکەکانی ڕاگەیاندن بەشێوەیەکی گشتی لە چوار خاڵی سەرەکیدا بخەینەڕوو:

**یەکەم: ئەرکی گواستنەوەی هەواڵ.**

ئەم ئەرکەی ڕاگەیاندن بریتییە لە کۆکردنەوە و پێداچوونەوە و دواتریش بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاریی و ئەو بیروڕا جیاوازانەی کە بۆ تێگەیشتن لە ژینگەی دەوروبەر و چۆنیەتی مامەڵەکردنی تاکەکان لەگەڵیدا پێویستن، لەخۆدەگرێ.

ڕاگەیاندن لەڕێگەی ئەم ئەرکەیەوە (وەرگر)ەکانی بە پێشینەیەکی بەرفراوانی مەعریفی ئامادەدەکات، تاوەکو تێگەیشتنی باشتریان بۆ ژینگەی دەوروبەر و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵیدا هەبێ.

بەهۆی ئەوەی ڕاگەیاندن لەم ئەرکەیدا ئامرازێکە بۆ گەیشتن بە ڕاستییەکان و گواستنەوەی زانیاری درووست و بێلایەنانە و بە ئاگاهێنانی تاکەکان لەمەڕ ڕووداوەکانی کۆمەڵگاکەی، بۆیە لەسەر داڕێژەرانی پەیامی ئەم دامەزراوەیە پێویستە؛ پێگەی متمانە و بڕوای تاکەکانی کۆمەڵگاکەیان لەلایاندا گرنگبێ و، بۆ ئەم مەبەستەش دەبێ بنەماکانی ڕاگەیاندنێکی ڕاستگۆیانە و چالاکی بواری گواستنەوەی ڕووداوەکان وەک خۆی و بێ کەمووکوڕی لەبەرچاوبگرن، لەم بوارەدا؛ ڕاستگۆیی و بێلایەنی دەبنە کلیلی سەرکەوتنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و ئەگەر هەر ئامرازێکی ئەم دامەزراوە لەبەرچاوی نەگرن، ئەوا لە ئەنجامدا گرنگترین ڕەهەندی خۆی کە (متمانە)ی جەماوەرەکەیەتی لەدەست دەدات.

هەروەها ئەرکی ڕاگەیاندن لەم بوارە؛ تەنیا ئەوە نییە هەواڵ و زانیارییە سیاسییەکان بڵاوبکاتەوە، بەڵکو ئەم ئەرکە زۆر بەرفراوانە و لق وپۆپی زۆرتری لێ دەکەوێتەوە، هەواڵی سیاسی، ئابووری، وەرزشی، هونەری، پزیشکی، کۆمەڵایەتی، زانستی و تەنانەت ئاووهەوا و ڕێگەوبان و کارەسات و

...هتد، لەم هەواڵ و زانیارییە گرنگانەن کە ڕۆژانە ئەندامانی کۆمەڵگا چاوەڕوانن لە ڕێگەی ئامرازە جیاوازەکانی ڕاگەیاندنەوە پێیان بگات.

**دووەم: ئەرکی ڕۆشنبیرکردن.**

ڕۆشنبیرکردنی تاکەکانی کۆمەڵگا بە یەکێک لە ئەرکە گرنگەکانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن دادەنرێت، ئەم ئەرکەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن ئەرکێکی بەرفراوانە و کۆمەڵێک بواری جیاوازی وەک (سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری) لەخۆدەگرێ.

لەم پێناوەشدا، ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە ڕێگەی پەیامەکانیانەوە بەشداریێکی کارای پرۆسەکە دەبن، جا ئەم بەشداریکردنەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بەشێوازێکی ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی پرۆگرامە فێرکارییەکانی نێو ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە بێت، یاخود بەشێوازێکی ناڕاستەوخۆ لەڕێگەی ئەو دراما و فیلمانەوە بێ کە سەرنجی (وەرگر)ێکی بەرفراوانی کۆمەڵگاکەیانی پێڕادەکێشن.

هەر لە چوارچێوەی ئەم ئەرکەدا، تاکەکانی کۆمەڵگا بەدەر لە ناوەندە ئەکادیمی و فێرکارییەکانی وەک (باخچەی ساوایان، قوتابخانە، زانکۆ...هتد)، دەتوانن لە ڕێگەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە ڕۆشنبیری گشتی بەدەست بێنن، بەم هۆیەوەش؛ تاکەکان بۆ وەدەستهێنانی ڕۆشنبیرییەکی گشتیی بە دوو شێوازی جیاواز بەرکەوتنیان لەگەڵ ئامرازەکانی ڕاگەیاندندا دەبێ؛ شێوازی یەکەمیان پێی دەگوترێ؛ (مەبەستدار)، واتە وەرگر بە مەبەست؛ بەرنامە و پرۆگرامی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن دەست نیشاندەکات و هەوڵدەدات لە ڕێگەیەوە ئاستی ڕۆشنبیری خۆی پەرەپێبدات،

ئەوەی تایبەتیش بێ بەشێوازی دووەم، پێی دەگوترێ؛ (بێ مەبەست) واتە وەرگر بەبێ ئەوەی هیچ ئامادەکاریی و چاوەڕوانییەکی بۆ پێشکەشکردنی بەرنامەکە هەبووبێ، بەرکەوتنی لەگەڵ پەیامەکە دەبێت و بەهۆییەوە کۆمەڵێک زانیاری و ڕۆشنبیری گشتی دەستدەکەوێت.

جگە لەمەش ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لەڕێگەی ئەم ئەرکەوە، گەشە بە هەستی پەیوەستبوون و ئینتیمای نیشتیمانی و نەتەوایەتی (وەرگر)ەکانیان دەدات، سەرباری یارمەتیدانی کۆمەڵگاکەشیان بۆ ڕووبەڕووبونەوەی نەخوێندەواری و چەندان گیروگرفت و نەخۆشی دیکەی کۆمەڵایەتی و دەروونی.

### سێیەم: ئەرکی خۆشی

ئەرکێکی دیکەی گرنگی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بریتییە لە ڕەخساندنی ئەرکی خۆشی و کات بەسەربردن (Entertainment) بۆ وەرگرانی، ئەم ئەرکەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنیش لە چوارچێوەی پێشکەشکردنی (شانۆگەریی و نواندن و هونەری سەماکاری و گۆرانی و مۆسیقا و فیلم و دراما و وەرزش و ... هتد) دێتە ئاراوە، لە ڕێگەی ئەم ئەرکەوە، ڕاگەیاندن دەست بەسەر کاتی دەستبەتاڵی تاکەکانی کۆمەڵگا دادەگرێ و، کاردەکات بۆ کەمکردنەوەی ئازارەکان و دڵەڕاوکێ و، خەمۆکی وەرگرەکان، جا ئەگەر ئەرکی خۆشی بەشێوازێکی بنیادنەرانە ئاڕاستەبکرێ، ئەوا بەسودی کۆمەڵگا دەکەوێتەوە و، بەهۆیەوەش دەست بەسەر حەز و ئارەزووی تاکەکانی کۆمەڵگا دادەگیرێت و لە هەمان کاتیشدا؛ ئاشنای بابەتی نوێ و فێری زانیاری سود بەخشیش دەکرێن، بە پێچەوانەشەوە؛ ئەگەر ڕاگەیاندن لە چوارچێوەی ئەرکی خۆشیدا، پەیامەکانیان بەدەر لە بەها و پێوەرە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگاکەیان بێت، ئەوا لە بەرامبەردا؛ ئەم شێوازە پەیامەی ڕاگەیاندن بە پەیامێکی خۆشی بۆ کات بەسەر بردن لە قەڵەم نادرێت، بەڵکو پەیامەکە دەچێتە بواری گاڵتەپێکردن و دەشێ تاکەکانی کۆمەڵگا بۆ سوکایەتیکردن بەیەکتر و بریندارکردنی هەست و سۆزی یەکتر لاسای بکەنەوە و بەهۆیەوەش لە یەکتر تۆران و هەڵوەشانەوەی پەیوەندیی و تەنانەت بەریەککەوتن و توندوتیژیشیان لە نێواندا بێتە ئاراوە.

### چوارەم: ئەرکی ڕێکلام

ئەرکی ڕێکلامکردن یەکێکە لەو ئەرکانەی کە گفتوگۆیەکی زۆری لە نێوان بیرمەند و شارەزایان هێناوەتە ئارا، هەندێک پێیانوایە؛ ڕێکلام وێڕای ئەوەی ڕاگەیاندن لە ئەرکە ڕاستەقینەکەی خۆی دوور دەخاتەوە و، خەڵک فریودەدات و، بەردەوام ڕۆڵی لە ستایشکردن و پیاهەڵداندا دەبینێتەوە و، لە هەمان کاتدا؛ خزمەتی سەرمایەداران دەکات و زیاتر چینی هەژار و کەمدەرامەتی کۆمەڵگا دەچەوسێنێتەوە، لە بەرامبەر ئەمەشدا، لایەنگرانی ڕێکلامکردن دەڵێن: ئەم ئەرکەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بۆ ڕێنمایکردنی خەڵکە لەپێناو هەڵبژاردنی باشترین کاڵا، هەروەها بە پێویستییەکی گرنگی دابینکردن و بەڕێوەبردنی بواری دارایی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنیشی دەزانن.

لەڕاستیدا هەردوو ڕوانگە تاڕادەیەک ڕاستن، چونکە هەندێک کات ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بەجۆرێک زیادەڕۆیی لە پەیامی ڕێکلامدا دەکەن کە توانای هەڵبژاردن لای کڕیار لاواز دەبێ و بەهۆیەوە کڕیار

لەژێر کاریگەریی ڕیکلامە بازرگانییەکە کاڵایەک دەکڕێ کە لە کۆتایدا سودێکی ئەوتۆی لێ نابینێت لە کڕینی پەشیمان دەبێتەوە، چونکە بەو شێوازە نەبووە کە لە ڕیکلامەکەدا ئاماژەی بۆ کرابوو، پێچەوانەکەشی ڕاستە؛ بەهۆی ئاڵۆزبوونی ژیانی ڕۆژانە و سەرقاڵبوونەوە، ڕەنگە کریار کاتێکی وا زۆری لەبەردەم نەبێ بۆ گەڕان بەدوایی کڕینی باشترین و هەرزانترین کاڵا، بۆیە لەو کاتەدا گەرانەوە و پشت بەستن بە ڕیکلامی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن باشترین بژاردەی دەبێت.

بۆ ئەوەی ڕیکلام بەشێوەیەکی زانستی و درووست لەنێو جەماوەری ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بڵاوبێتەوە، پێویستە زانیارییەکانی بەشێوازێکی وورد و درووست بە کڕیارانی ببەخشێت و، پەیامە ڕیکلامییەکەی نەبێتە مایەی زیانگەیاندن بە کڕیارانی.

## بەشی سێیەم

## بوارەکانی گرنگیپێدانی کۆمەڵناسیی ڕاگەیاندن

### باسی یەکەم/ ڕاگەیاندن و بەکۆمەڵایەتیبوون.

### یەکەم: پێناسەی بەکۆمەڵایەتیبوون.

چەمکی بەکۆمەڵایەتیبوون (Socialization) کە پرۆسەی (پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی)شی پێدەگوترێ؛ چەمکێکی تاڕادەیەک نوێیە و، سەرەتاکانی بەکارهێنانیشی بۆ ساڵانی سییەکانی سەدەی ڕابردوو دەگەڕێتەوە.

لەم بارەیەوە پرۆفیسۆر (دینکن میشێل) دەڵێت؛ چەمکی بەکۆمەڵایەتیبوون ساڵی (1928) لە ئەدەبیاتی ئینگلیزیدا بە مەبەستی ئامادەکردنی تاک بۆ کارلێک و خۆگونجاندن لەگەڵ کۆمەڵگاکەی بەکارهاتووە.

بۆ پێناسەکردنی ئەم چەمکەش، تاوەکو ئێستا پێناسەی زۆر و جیاواز خراونەتەڕوو، یەکێک لەم پێناسانەش، پێناسەی (دینکن میشێل)ـە کە دەڵێت؛ بەکۆمەڵایەتیبوون پرۆسەی پێدانی بەها و پێوەرە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگایە بەتاکەکان، کە بەهۆیەوە تاک دەبێتە کەسێکی ڕاهێنراو بۆ جێبەجێکردنی کۆمەڵێک ڕۆڵی جیاواز.

یاخود بەمانایەکی تر، بەکۆمەڵایەتیبوون پرۆسەی کارلێکی کۆمەڵایەتییە، بەهۆیەوە تاک دەبێتە خاوەن کەسایەتی کۆمەڵایەتی خۆی، ئەم کەسایەتییەش ڕەنگدانەوەی کولتووری خۆی دەبێت.

ئەم چەمکە هەرچەندە زیاتر لەگەڵ قۆناغی منداڵی بەکاردێت، بەڵام لەڕاستیدا چەمکێکی گشتگیرە و گەورە ساڵانیش پێیدا تێدەپەڕن، مرۆڤ لە هەر تەمەنێکدابێ بەهۆی بەرکەوتنی لەگەڵ دامەزراوە جیاوازەکانی کۆمەڵگا، دەشی هەر یەکێک لە دامەزراوەکان کاریگەری لەسەر ڕەفتار و هەڵوێستی ڕۆژانەیدا بنوێنن.

**دووەم: ئامانجەکانی بەکۆمەڵایەتیبوون.**

پرۆسەی بەکۆمەڵایەتیبوونی تاکەکانی کۆمەڵگا، کۆمەڵێک ئامانجی جیاواز لەخۆدەگرێ، دەکرێ گرنگترین ئامانجەکان لەمانەی خوارەوەدا پوخت بکەینەوە:

1. گۆڕینی مرۆڤ لەبوونەوەرێکی بایۆلۆژی بۆ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی.
2. کۆنترۆڵکردنی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی تاکەکانی کۆمەڵگا، لە میانەی پێناساندنی ئامرازە جیاوازەکانی کۆنترۆڵکردن.
3. پەرەپێدانی توانای خۆگەنجاندنی تاک لەگەڵ ژینگەی کۆمەڵایەتی، ئەمیش لەڕێگەی پێدانی بەها کۆمەڵایەتییە باوەکانی کۆمەڵگا.

**سێیەم: دامەزراوەکانی بەکۆمەڵایەتیبوون.**

لە هەر کۆمەڵگایەکی مرۆڤایەتیدا، ئەگەر سەرنج بدەین، دەبینین؛ کۆمەڵێک کەناڵ و دامەزراوەی کۆمەڵایەتی جیاواز، ڕۆڵ لە پرۆسەی بەکۆمەڵایەتیبوونی تاکەکانی کۆمەڵگاکانیان دەبینن، دیارترینی ئەو دامەزراوانە بریتین لە مانەی خوارەوە:

(١. خێزان، ٢. قوتابخانە، ٣. گرووپی هاوڕێیان، ٤. ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، ٥. مزگەوت و کڵێسا، ٦. پارتە سیاسییەکان، ٧. ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی).

**چوارەم: ڕۆڵی ڕاگەیاندن لەپرۆسەی بەکۆمەڵایەتیبووندا.**

وەک دەزانرێ قوتابخانە دوایی خێزان ئەرکی بەکۆمەڵایەتیبوونی تاکەکانی کۆمەڵگای لە ئەستۆدایە، بەو پێیەی قوتابی زۆرترینی ساڵەکانی تەمەنی لە قوتابخانەدا بەسەردەبات، بەڵام لەهەمان کاتدا؛ کۆمەڵگا بەتەواوی دامەزراوەکانی دیکە ئەرکی تەواوکاری لەپرۆسەکەدا دەبینن.
ئەمەش بەهۆی ئەوەوەیە کە ڕەنگە تەواوی تاکەکانی کۆمەڵگا نابنە قوتابی، یاخود دەرفەتی چوونە قوتابخانەیان بۆ نارەخسێ، یان ناتوانن لە خوێندنیان بەردەوامبن و بڕوانامە بەدەست بهێنن، بۆیە لێرەدا ئەم ئەرکە دەکەوێتە ئەستۆی چەند دامەزراوەیەکی دیکەی کۆمەڵگا و، لە نێویشیاندا؛

ئامرازەکانی ڕاگەیاندن وەک یەکێک لە دامەزراوە کاریگەرەکانی کۆمەڵگا، ئەم ئەرکە گرنگەی کۆمەڵگا لەئەستۆ دەگرێ.

لێرەشدا مەبەست لەئامرازەکانی ڕاگەیاندن، هەموو ئامرازە جیاوازەکانی وەک (ڕۆژنامە، گۆڤار، ڕادیۆ، تەلەڤزیۆن و کەناڵە ئاسمانییەکان و،ڕاگەیاندنی نوێ؛ ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتیییەکان) لەخۆدەگرێ، هەر یەکێک لەم ئامرازانە بەپلە و ئاستی جیاواز کاردەکەنە سەر پرۆسەی بەکۆمەڵایەتیبوونی تاکەکانی کۆمەڵگا.

ڕۆژنامە و گۆڤارەکان لەڕێگەی وتار و وێنە بڵاوکراوەکانیان دەتوانن ڕایگشتی لە کۆمەڵگادا پێبکێنن، بەرنامە و پرۆگرامەکانی ڕادیۆش بەهەمان شێوە؛ دەتوانن بەشێواز و بەرنامەی تایبەت کار لەسەر گەشەپێدانی مەعریفە و زانیاری بیسەرەکانیان بکەن، تەلەڤزیۆن و کەناڵە ئاسمانییەکانیش لەڕێگەی بەرنامە و فیلم و درامانیانەوە؛ بەشێوازی جیاواز کاردەکەنە سەر پرۆسەی بەکۆمەڵایەتیبوون، ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەهەمان شێوەی ئامرازەکانی تری ڕاگەیاندن دەتوانن کاریگەرییان بەسەر پرۆسەکەوە هەبێت.

ئامرازە جیاوزەکانی ڕاگەیاندن هاوشێوەی خێزان دەتوانن ناوەندێک بن بۆ گواستنەوەی کولتوور و کەلەپووری کۆمەڵگا و، هۆکارێکیش بن بۆ پەرەپێدانی زمانی قسەپێکردنی تاکەکانی کۆمەڵگا، هەروەها هاوشێوەی قوتابخانە و سیستەمی پەروەردەش دەتوانێ کاربکاتە سەر بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی جەماوەر و پەروەردە و ئاستی ڕۆشنبیریی گشتییان بەرزبکاتەوە، جگە لەمە؛ ئامرازەکانی ڕاگەیاندن دەتوانن هاوشێوەی مزگەوت و کڵێساکانیش کاربکەن بۆ گەیاندنی پەیام و بیروباوەرە ئاینییە جیاوازەکانی کۆمەڵگا، هەروەها لەڕێگەی ناساندنی بەها و پێوەرە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگا دەتوانن ڕۆڵێ گرنگ لە پرۆسەی کۆنترۆڵکردنی ڕەفتاری تاکەکانی کۆمەڵگادا ببینن و، لە چوارچێوەی ئەرکی خۆشی (ترفیهی)دا دەتوانێ دەست بەسەر کاتی دەست بەتاڵی جەماوەر دابگرێت و لەبرێ ئەوەی ئەو کاتە بە بابەتی بێ سود بەسەر بەرن، ڕاگەیاندن دەتوانێ لەڕێگەی پەیامەکەیەوە هەم ئاسودەیی دەروونیان پێ ببەخشێ، هەمیش دووریانخاتەوە لە کۆمەڵێک گرفتی ئاکاری کە زۆرجار بەهۆی کاتی دەست بەتاڵیەوە دووچاری مرۆڤ دێت.

کەواتە لێرەدا ڕاگەیاندن وەک یەکێک لە دامەزراوە گرنگەکانی بەکۆمەڵایەتیبوون دەتوانێ ڕۆڵی گرنگ لە گۆڕینی مرۆڤ لە بوونەوەرێکی بایۆلۆژی بۆ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی ببینێ و بەدرێژایی تەمەنی مرۆڤ ڕۆڵی لە پەرەپێدانی توانا خودییەکانی تاکەکانی کۆمەڵگادا هەبێت.

**باسی دووەم/ راگەیاندن و گرفتە کۆمەڵایەتییەکان.**

**یەکەم: پێناسەی گرفتە کۆمەڵایەتییەکان.**

گرفتە کۆمەڵایەتییەکان یەک پێناسەی دیاریکراویان نییە، بەڵکو فرە پێناسەن، بەڵام تایبەتمەندییەکی گشتی و هاوبەش لەنێویاندا هەیە، ئەمیش ئەوەیە کە، گرفتە کۆمەڵایەتییەکان لەئەنجامی نەبوونی هەماهەنگی و ڕێکخستنی کۆمەڵایەتییەوە درووست دەبێت.

بەشێوەیەکی گشتیش، بۆ خستنەڕووی پێناسەیەکی گشتگیری گرفتە کۆمەڵایەتییەکان، دەکرێ بگەڕێینەوە بۆ پێناسەی (ولیەم بێرڤچ) کە دەڵێت؛ گرفتە کۆمەڵایەتییەکان بریتین لەو دیاردە کۆمەڵایەتییانەی کە بەهۆیەوە ژیانی ژمارەیەکی زۆری تاکەکانی کۆمەڵگا ئاڵۆز دەبێ و، بەهۆی ئەو کاریگەرییە خراپەی کەبەسەر شێوازی کارلێکی نێوان تاکەکان درووستی دەکات، پێویستی بە کارکردنی هەرەوەزی وڕێکخراو دەبێ بۆ چارەسەرکردنی.

**دووەم: نموونەی گرفتە کۆمەڵایەتییەکان.**

تاوانەکانی کوشتن، خۆکوشتن، دزی، توندوتیژی دژ بە (منداڵ، ئافرەت، پیاو)، ئالودەبوون بە (ماددە هۆشبەرەکان، جگەرەکێشان، یارییە ئەلیکترۆنییەکان)، لێکجابوونەوە، کۆچکردن (ناوەخۆ، دەرەکی)، سواڵکردن، کارکردنی منداڵ لەسەر شەقام، لەشفرۆشی، دەستدرێژی سێکسی، نەخوێندەواری، نەگونجان، نامۆبوون، بێکاری، هەژاری، پیسکردنی ژینگە و ئازاردان و کوشتنی ئاژەڵ، وازهێنان و دوورکەوتنەوە لەخوێندن، جیاکاری ڕەگەزی، هاوسەرگیری (بەزۆر، لەتەمەنی بچووک، ژن بە ژن، لەبڕی خوێن..هتد)، گرفت و کێشەکانی (کەمئەندامان، منداڵ، ئافرەت، لاوان، بەساڵاچوان... هتد) لە دیارترینی ئەو گرفتە کۆمەڵایەتییانەن کە لەئێستادا کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لەسەرتاسەری دنیا ڕووبەرووی بوونەتەوە.

**سێیەم: تایبەتمەندی گرفتە کۆمەڵایەتییەکان.**

گرفتە کۆمەڵایەتییەکان کۆمەڵێک تایبەتمەندی جیاواز لەخۆدەگرن، گرنگترینیان بریتین لەمانەی خوارەوە؛

1. گرفتە کۆمەڵایەتییەکان شاراوە نین، بەڵکو هەستپێکراون، واتا کاتێک گرفتێکی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگادا درووست دەبێ، تاکەکانی کۆمەڵگا درک بەو بارودۆخە ئاڵۆزە دەکەن کە لە ئەنجامی بوونی گرفتەکەوە سەریهەڵداوە.
2. گرفتە کۆمەڵایەتییەکان ڕێژەیین، واتا دەکرێ هەندێک بابەت لە کۆمەڵگایەکی دیاریکراودا بە گرفت سەیر بکرێت و، بە پێچەوانەشەوە؛ هەمان بابەت لە کۆمەڵگای دیکە بە گرفت نەزانرێ، یاخود لە نەوەیەک بۆ نەوەیەکی دیکە جیاواز لێکدانەوەی بۆ بکرێت.
3. گرفتە کۆمەڵایەتییەکان پەیوەستن بە قەبارەی کۆمەڵگاوە، واتە تا قەبارە و چری دانیشتوانی کۆمەڵگا فراوان بێت، هێندەش بوونی گرفتە کۆمەڵایەتییەکان زیاتر و چارەسەرکردنیان دژوارتر دەبێت.
4. گرفتە کۆمەڵایەتییەکان دەرهاوێشتەی ژیانی کۆمەڵایەتین، واتا تاوەکو ژیانی کۆمەڵایەتی خەڵک بەردەوام بێت، گرفتە کۆمەڵایەتییەکانیش بەردەوامیان دەبێت.
5. گرفتە کۆمەڵایەتییەکان دەرهاوێشتەی گۆڕانی کۆمەڵایەتین، واتا گرفتە کۆمەڵایەتییەکان پەیوەندییان بەو گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییانەوە هەیە کە لە کۆمەڵگادا ڕوودەدەن، جا ئەم گۆڕانکارییانە بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاوە بێت، یاخود لە دەرئەنجامی بە جیهانیبوونەوە سەرهەڵبدەن.

**چوارەم: پەیوەندی ڕاگەیاندن بە گرفتە کۆمەڵایەتییەکانەوە.**

پەیوەندی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بە گرفتە کۆمەڵایەتییەکانەوە، هاوشێوەی چەکێکی دوو سەرە وایە، چۆن دەشێ چەک بۆ هێنانەدی ئاسایش و ئارامیی و بەرگری لەخۆکردن بەکاربێت، بەهەمان شێوە؛ دەکرێ چەک هۆکارێکیش بێت بۆ تێکدانی ئاسایش و ئارامی و هێرشکردنە سەر خەڵکی بێتاوان و زیان پێگەیاندنیان.

کەواتە ڕاگەیاندنیش بەهەمان شێوەی ئەو چەکەی باسکرا، دەکرێ هۆکارێک بێت بۆ تێکدانی ئاسایشی کۆمەڵایەتی و بڵاوکردنەوەی رەفتار و هەڵسوکەوتی توندوتیژ و لادەرانە بەتایبەت لەڕێگەی ئەو فیلم و درامایانەی کە پڕن لە ڕوودای توندوتیژی بە هەموو شێوەکان، لەهەمان کاتیشدا؛ دەتوانرێ ڕاگەیاندن ئامرازێکیش بێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو گرفتە کۆمەڵایەتییانەی کە تاکەکانی کۆمەڵگا وەک نەخۆشییەکی کۆمەڵایەتی دووچاری هاتوون و بەدەستییەوە دەناڵێنن.

زۆرجار تاکەکانی کۆمەڵگا بە هۆکاری نەخوێندەواری و کەم ئەزموونیان لە ژیاندا، نەک ناتوانن بەسەر کێشە و گرفتە کۆمەڵایەتییەکانی ڕۆژانەیان زاڵ بن، بەڵکو گرفتەکانی ژیانی ڕۆژانەیان لەخۆیان ئاڵۆزتر دەکەن، نەک هەر خۆیان، بەڵکو زۆرجار خەڵکی دەوروبەریشیان بە گرفتەکانیانەوە گیرۆدە دەکەن، جا لەم بوارەدا، دەشێ ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی گرنگ ببینی لە رزگارکردنی ئەو تاکانەی کە ناتوانن رووبەڕووی گرفتە کۆمەڵایەتییەکانی ژیانی ڕۆژانەیان ببنەوە، دەکرێ لە ڕێگەی میوانداریکردنی پسپۆر و شارەزایانی بواری کۆمەڵناسیی و دەروونناسیی و ڕاهێنەرانی بواری گەشەپیدانی مرۆییەوە، ڕێنمایی درووست ببەخشنە ئەو تاکانەی کە گرفتە کۆمەڵایەتییەکانی ژیانی ڕۆژانەیان تەنگیان پێهەڵچنیون و ناتوانن وەک پێویست بە رۆڵە کۆمەڵایەتییەکانی خۆیان هەڵبستن.

جگەلەوانەی باسکرا، هەندێکجار بەشێک لە گرفتە کۆمەڵایەتییەکان پەیوەندییان بە دەوڵەتەوە هەیە، بەتایبەت کەموکوڕی و گرفتەکانی پەیوەست بە بواری خوێندن و تەندرووستی و خزمەتگوزارییە گشتییەکان، لەم چوارچێوەشدا، دەشی ڕاگەیاندن لەڕێگەی میوانداریکردنی شارەزایانی بوارەکەوە؛ پێشنیار و زانیاری گونجاو بگەیەنێتە دەوڵەت و لایەنی پەیوەندار و هاوکاربێت بۆ بنەبڕکردنیان.

**باسی سێیەم/ ڕاگەیاندن و ئاڕاستە کۆمەڵایەتییەکان.**

**یەکەم: پێناسەی ئاڕاستە کۆمەڵایەتییەکان.**

چەمکی ئاڕاستە بۆ یەکەمین جار لە لایەن بیرمەندی ئینگلیزی (هێربرت سپێنسەر) لە کتێبەکەی بەناونیشانی (پرەنسیپە سەرەتاییەکان) لە ساڵی (1862) ئاماژەی پێدراوە، کاتێک کە دەڵێ؛ بۆ گەیشتنمان بە بڕیارە درووستەکان، سەبارەت بە پرسە ورووژێنەرەکان تا ڕادەیەکی زۆر پشت بە ئاڕاستە ئەقلییەکان دەبەستین.

(ستریکلند) پێیوایە؛ ئاڕاستەکان بریتین لە هەستەکان یاخود بیروباوەڕ و بیروڕای پەسەندکراو، یاخود ڕەتکراوە بەرامبەر بە بابەتەکان.

ئاڕاستە کۆمەڵایەتییەکان (Social Attitudes) هەڵوێست و مەیل و خواستێکە کە تاک لەژینگە کۆمەڵایەتییەکەوە فێری دەبێت و بۆ هەڵسەنگاندنی بابەتەکان بەڕێگەیەکی ناوازەی دوور لەدژیەکی جیاواز، بەکاری دەهێنێت.

**دووەم: تایبەتمەندییەکانی ئاڕاستە کۆمەڵایەتییەکان.**

هەر ئاڕاستەیەکی کۆمەڵایەتی کە تاکەکان دەیگرنەبەر، کۆمەڵێک تایبەتمەندی لەخۆدەگرن کە گرنگترینیان بریتین لەمانەی خوارەوە:

1. ئاڕاستەکان وەرگیراون و بۆماوەی و زگماک نین، تاکەکان لە ئەنجامی کارلێکی کۆمەڵایەتی نێوانیان، یاخود بەهۆی کارلێک لەگەڵ بابەتێک لە بابەتەکانی ژینگەکەی فێری دەبێ.
2. پەیوەندی بە ورووژاندن و هەڵوێستە کۆمەڵایەتییەکانەوە هەیە.
3. هەندێک لە ئاڕاستەکان بەهێزن و بەرهەڵستی گۆڕانکاری و هەموارکردنەوە دەکەن و، هەندێکی دیکەشیان بەئاسانی هەمواردەکرێنەوە و گۆڕانکاریان بەسەر دادەهێنرێ.
4. ئاڕاستەکان دەکەونە نێوان دوو لایەنی بەرامبەر بە یەک و یەکێکیان ئەرێنی و ئەویتریان نەرێنی، هەریەکێکیشیان پشتگیری و بەرهەڵستی لە هەڵوێستەکانی خۆیاندا دەکەن.

**سێیەم: جۆرەکانی ئاڕاستە کۆمەڵایەتییەکان.**

ئاڕاستە کۆمەڵایەتییەکان چەند جۆرێک لەخۆدەگرن، گرنگترینیان بریتین لەمانەی خوارەوە:

1. **ئاڕاستەی ئەرێنی و ئاڕاستەی نەرێنی.**

هەندێک لە ئاڕاستە کۆمەڵایەتییەکان ئەرێنین و تاکەکان پشتگیری دەکەن و پێی ڕەزامەندن، لە بەرامبەریشدا؛ هەندێک لە ئاڕاستە کۆمەڵایەتییەکانی تر، نەرێنین و تاک بەرهەڵستی دەکات و پێی ڕەزامەند نییە، بەگوزارشتێکی دی، کاتێک تاکەکان ڕەفتارێکی دیاریکراو بە ئەنجامدەگەیەنن و ڕەفتارەکەش بەلای زۆرینەی کۆمەڵگاوە پەسەند و ڕێپێدراوە وەک (ژینگەپارێزی و لێبووردەیی، پێگەوەژیان...هتد)، ئەوا لەم کاتەدا تاک ئاڕاستەیەکی ئەرێنی گرتۆتەبەر، لەبەرامبەریشدا؛ ئاڕاستەی نەرێنی، ئەو ئاڕاستەیە کە تیایدا تاک لە بوارێکی دیاریکراودا ڕەفتارێک دەنوێنێ کە پێچەوانەی خواست و ویستی زۆرینەی کۆمەڵگاکەیەتی، بۆ نموونە ڕەگەزپەرستی کە لەنێو زۆرێک لە وڵاتاندا بوونی هەیە، کاتێک ئەم ئاڕاستەیە لای تاکێک دروست دەبێ، بەهۆیەوە ئەو تاکە تێکەڵ بەڕەگەزی تر کە هاوڕەگەزی خۆی نین نابێت، یاخود ژن و ژنخوازیان لەگەڵدا نابەستێ، یان بەشدارییان لە دەسەڵات و سیاسەتدا پێناکرێ.

2. **ئاڕاستەی گشتی و ئاڕاستەی تایبەتی.**

ئاڕاستەی گشتی، بریتییە لەو ئاڕاستەیەی کە سەرجەمی ئەو بابەتانە لەخۆدەگرێ کە باس لە ناوەڕۆکی ئاڕاستەکە دەکەن، بەدەر لەوەی کە ئایا ئاڕاستەکە (ئەرێنی)ە یاخود (نەرێنی)، بۆ نموونە ئاڕاستەی تاکێک لەبارەی وڵاتێکی دیاریکراودا، ڕەنگە ئەم ئاڕاستەیە بەشێوازێکی گشتی گوزارشت لە وڵاتەکە بکات، لەرووی گەلەکەی، شوێنی نیشتەجێبوونیان، ژینگە، ڕێگاوبان و هۆیەکانی گواستنەوەیان، جۆری خواردنیان، بەبێ گەڕانەوە بۆ لایەنی ئەرێنی یاخود نەرێنییەکەی، بەڵام لە بەرامبەردا، ئاڕاستەی تایبەتی؛ تەنیا بەشێکی بابەتەکە یاخود دیاردەکە لەخۆدەگرێ کە گوزارشت لە پرسی ئاڕاستەکە دەکات، بەشێوەیەک تیادا تاکەکان خۆیان لە قەرەی بابەتەکە بەگشتی نادەن و چاوپۆشی لە هەندێک بەشی بابەتەکە دەکەن، بۆ نموونە ئاڕاستەی تاکێک بۆ وڵاتێک کە تەنیا لایەنە سەربازییە داگیرکارییەکەی لەبەرچاوبگرێ، یاخود بۆ تەنیا لایەنە وەرزشی وڵاتەکەی لەبەرچاوبگرێ.

### 3. ئاڕاستەی تاکایەتی و ئاڕاستەی کۆمەڵی.

ئاڕاستەی تاکایەتی، ئەو ئاڕاستەیە کە لە چوارچێوەی گروپێکدا تەنیا کەسێک جەختی لەسەر دەکاتەوە، جا لەڕووی جۆری (النوعیة) بێت، یاخود لەڕووی پلەکەی (الدرجة)، ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو تاکە خاوەن ئاڕاستەیەکی تایبەت بەخۆیەتی بەرامبەر بە هەر بابەتێک کە بەلایەوە جێگەی گرنگیپێدانبێ، دەکرێ ئەم ئاڕاستەیە لە چوارچێوەی ئەندامانی خێزانێکدا تێبینی بکرێت، لەکاتی دیاریکردنی ئارەزوویان بۆ جۆری خواردنەکەیان، لەبەرامبەردا، ئاڕاستەی کۆمەڵی؛ بریتییە لە هاوبەشبوونی ئاڕاستەی ژمارەیەکی زۆر لە تاکەکان بۆ بابەتێکی دیاریکراو، بۆ نموونە وەک ئاڕاستەی هاوبەشی ژمارەیەکی زۆری تاکەکان بەرەو کەسێتی سەرۆکی دەوڵەت، یاخود بەرەو تیپێکی وەرزشی دیاریکراویان.

### 4. ئاڕاستەی ئاشکرا و ئاڕاستەی نهێنی

ئاڕاستەی ئاشکرا، ئەو ئاڕاستەیە کە تاک لە ئاشکراکردن و بە ئەنجامگەیاندنی بەرامبەر بە خەڵکدا ڕووبەروی (ئیحراج)بوون نابێ، ئەمەش ڕاستەوخۆ پەیوەندارە بەو بەها جێگیر و چەسپاوانەی کە لەنێو کۆمەڵگاکەدا باوە و لای زۆرینەوە پەسەندکراوە، بەجۆرێک تاک لەکاتی ئاشکراکردن و ئەنجامدانیدا ڕووبەڕووی گوشار و (ئیحراج)کردن و زیان پێگەیشتن نابێتەوە، بۆ نموونە مامۆستا لە یەکەم دیداری لەگەڵ قوتابییەکانیدا بەبێ (ئیحراج)بوون و گوشار پێیان دەڵێت دوورکەونەوە لە ئاژاوەگێری و هێمنیش بپارێزن، لەبەرامبەردا، ئاڕاستەی نهێنی؛ ئەو ئاڕاستەیە کە تیایدا تاکەکان لە ئاشکراکردنیدا هەست بەجۆرێک لە (ئیحراج)بوون و شلەژانی دەروونی و ترس دەکەن و، بەردەوام هەوڵدەدەن ئاڕاستەکەیان لەخەڵکی بشارنەوە، کاتێکیش پرسیاریان لەبارەی ئاڕاستەکەیانەوە لێدەکرێ، یان پێیان ناخۆشە وەڵام بدەنەوە، یاخود نکۆڵی لێدەکەن و ڕەتی دەکەنەوە، بۆ نموونە تاک لە هەندێک کۆمەڵگادا ئەگەر باوەڕی بەخودا، یاخود ئایینی کۆمەڵگاکەی نەبێت، ئەوا ناتوانێ بەئاشکرا گوزارشت لە ئاڕاستەکەی بکات و بە نهێنی دەیهێڵێتەوە.

### 5. ئاڕاستەی بەهێز و ئاڕاستەی لاواز.

ئاڕاستەی بەهێز، ئەو جۆرە ئاڕاستەیە کە بە توندی لە هەڵسوکەوت و کەسایەتی تاکەکان ڕەنگدەداتەوە، ئەو کەسانەشی خاوەنی ئەم جۆرە ئاڕاستەیەن، کەسانێکن بەتوندی بەرهەڵستی لە هەلوێستەکانیان دەکەن، بۆ نموونە ئەگەر خاوەنی ئەم ئاڕاستەیە ببینێت کەسێک کارێکی تێکدەرانەی

دژ بە کۆمەڵگا دەکات، ئەمیش بەکردار و ڕەفتاری بەرەنگاری دەبێتەوە و هەوڵدەدات ڕێگری لێبکات، لەبەرامبەر ئەمەشدا؛ ئاڕاستەی لاواز، بەپێچەوانەوە بە هەڵوێستێکی لاوازتر بەرەنگاری ئەو کەسە تێکدەرە دەبێتەوە کە خەریکی کاری تێکدەرانەی دژ بە کۆمەڵگاکەیەتی، یاخود چاوپۆشی لێدەکات و بە ئەرکی خۆی نازانێت.

**چوارەم: ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە پێکهێنان و گۆڕینی ئاڕاستە کۆمەڵایەتییەکان.**

لە کۆمەڵگادا ئامرازەکانی ڕاگەیاندن ڕۆڵ و کاریگەری گرنگییان لە ئەستۆدایە، بەتایبەت لە کاریگەری خستنەسەر پێکهێنان و گۆڕینی ئاڕاستە کۆمەڵایەتییەکانی تاکەکانی کۆمەڵگا، ئەم کاریگەرییە بە ئاڕاستەیەکی ئەرێنی و لەپێناو پەرەپێدان و بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگا بێت، یاخود بەپێچەوانەوە؛ ئاڕاستەیەکی نەرێنی و ڕووە داروخانی کۆمەڵگاوە بێت.

لەم چوارچێوەیەدا ڕاگەیاندن هێز و توانا کاریگەرەکەی دەوەستێتە سەر دوو لایەن، لایەنێکیان خودییە و پەیوەستە بە زمان و ناوەڕۆکی ئەو پەیامەی کە بڕیارە بۆ پێکهێنان و ئاڕاستەکردنی هەڵوێستی وەرگرانی بیخاتەڕوو، لەم بوارەشدا چەندی زمان و ناوەڕۆکی پەیامەکە لە ئاست بیرکردنەوە و تێگەیشتنی تاکەکانی کۆمەڵگا بێت، ئەوا هێندەش کاریگەرییەکەی زیاتر و بەهێزتر دەردەکەوێ، بۆ نموونە بێ ئەنجامە ئەگەر ڕاگەیاندن بیەوێ بە زمانی لۆژیک و فەلسەفە و بەڵگە هێنانەوەی قورس، هەوڵی پێکهێنانی هەڵوێست و ئاڕاستەکردنی جەماوەر بدات کە خاوەنی ئاستێکی ڕۆشنبیری سادەبن. ئەوەی تایبەتیش بێت بەلایەنی دووەمی هێز و توانا کاریگەرەکەی ڕاگەیاندن بۆ پێکهێنانی هەڵوێست و ئاڕاستەکردنی جەماوەر، پێی دەگوترێ لایەنی بابەتی، ئەم لایەنە پەیوەستە بەو کۆمەڵگایەی کە بڕیارە ڕاگەیاندن پەیامەکەی ئاڕاستە بکات، لەم بوارەشدا؛ ئەگەر پەیامەکە ڕووە و منداڵ و لاوانی تازەپێگەیشتوو ئاڕاستەکرابێت، ئەوا ئەرکی پێکهێنانی هەڵوێست و ئاڕاستەکردنەکە ئاسان دەبێت و، دەشێ لایەنی ئاڕاستەکەر (ڕاگەیاندن) بەهێمنی و لەسەرخۆ ئامانجەکانی بپێکێ، بەهەمان شێوە؛ ئەگەر جەماوەرەکەی لە قۆناغی منداڵی و تازەپێگەیشتوویشدا نەبن، بەمەرجێ خاوەن ئاڕاستە و هەڵوێستی چەقبەستوو نەبن و ئامادەی گوێگرتن و گفتوگۆیان تیادابێ، ئەوا هەمدیسان ئەرکەکە بەلای ڕاگەیاندنەوە قورس نابێ و دەتوانرێ بەئاسانی هەڵوێستی تاکەکانی کۆمەڵگای لێ پێکبهێنرێ و ئاڕاستە بکرێن، بەڵام لە حاڵەتی بوونی هەڵوێست و ئاڕاستەی چەقبەستوو لای تاکەکاندا، ئەوا ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بۆ پێکهێنانی ئاڕاستەی تازە یاخود گۆڕینی هەڵوێستیان، ڕووبەڕووی

دۆخێکی دژوار دەبن و بەهۆیەوە بەجێگەیاندنی ئەرکەکەی ئاسان نابێت، بەڵام لەهەمان کاتیشدا؛ بەجێگەیاندنی ئەرکەکەیان زۆر دژوار نابێ، چونکە هەر چۆنێک بێ ڕاگەیاندن و ڕاگەیاندنکاری لێزان دەتوانێ درز لە هەڵوێست و هزری ئەو وەرگرانەی بدۆزێتەوە و لەوێوەوە کاریگەری بخاتە سەری و لە شوێن هەڵوێست و ئاڕاستە چەقبەستووەکەیدا، ئاڕاستەیەکی تازە کە پەیامە میدیاییەکە مەبەستییەتی پێکبێنێ.

هەر لەم بوارەدا، ڕاگەیاندن وەک چەکێکی دوو سەر وایە، دەتوانرێ بەشێوازێکی گونجاوی ئەرێنی بە دوور لە چەواشەکاری، تاکەکانی کۆمەڵگا ئاڕاستەبکات و، بەهۆیەوە تاکەکانی کۆمەڵگا بەرەو یەکڕیزی و برایەتی و یەکخستنی تواناکان و درووستکردنی گیانی پێکەوەژیان و هاریکاری و دەستگیرۆیی یەکتر و هوشیارکردنەوەیان و بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگا بخرێتەکار، هەروەها بەپێچەوانەشەوە؛ دەتوانرێ بەشێوازێکی خراپ و بە ئاڕاستەیەکی نەرێنی بەکاربهێنرێت و ببێتە فاکتەرێک لە فاکتەرەکانی پەرتەوازەبوونی تاکەکانی کۆمەڵگا و نانەوەی ئاژاوەگێری و تێکدانی پەیوەندی نێوان چین و توێژ و پێکهاتەکانی کۆمەڵگا و بڵاوکردنەوەی گەرای خراپەکاری و گەندەڵی و رق و کینە و دوژمنکاری و خستنەگەڕی وەک چەکێکی کوشندە دژ بە بەها باڵاکانی کۆمەڵگا و داروخاندنی.

جگە لە کاریگەری پێکهێنانی ئاڕاستە کۆمەڵایەتییەکان، لەهەمان کاتدا؛ سەرجەمی ئامرازە جیاوازەکانی ڕاگەیاندن کاریگەری گەورەش لە گۆڕینی ئاڕاستەی کۆمەڵایەتی تاکەکاندا دەبینن، بەهۆی ئەوەی بەخێرای بەدەستی تاکەکانی کۆمەڵگا دەگەن، (ڕۆژنامە و ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن و کەناڵە ئاسمانی و ئەنتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان)، بۆیە وەک پردێکی بەیەکگەیاندن؛ هەواڵ و زانیاری و بیرۆکە جیاوازەکان بۆ تاکەکان دەگوازنەوە و، بەهۆیەوەش یارمەتی گۆڕینی ئاڕاستەیان دەدات، جا بەشێوازێکی ئەرێنی بێت، یاخود بەپێچەوانەوە؛ بۆ ئاڕاستەیەکی نەرێنی.

هەروەها ڕاگەیاندن بە بەراورد لەگەڵ دامەزراوە و شێوازەکانی دیکەی گۆڕینی ئاڕاستەکان، دەشێ بەیەکێک لە کاریگەرترین شێوازەکانی گۆڕینی ئاڕاستە کۆمەڵایەتییەکان لە قەڵەمبدرێ، بەتایبەت بۆ گۆڕینی ئەو ئاڕاستە کۆمەڵایەتییە نەرێنیانەی زیان بەتاکەکان و خودی کۆمەڵگاکە دەگەیەنن، هەڵبەت ئەم کاریگەرییەی ڕاگەیاندن بە بەراورد لەگەڵ شێواز و دامەزراوەکانی دیکەی کۆمەڵگا بۆ گۆڕینی ئاڕاستەکان دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێک، وەک:

1. ڕاگەیاندن لە هەموو کاتێکدا (ڕۆژ، شەو، کەشی سارد، یاخود گەرم ...هتد) پەیامی بۆ گۆڕینی ئاڕاستەکان دەخاتەڕوو.

2. ڕاگەیاندن بە بەراورد بە شێوازەکانی دیکەی گۆڕینی ئاڕاستە، دەتوانی لەگەڵێک شوێنی جیاواز پەیامی لەپێناو گۆڕینی ئاڕاستەی تاکەکان بخاتەڕوو، وەک (نێو ماڵ، دەروەی ماڵ، نێو ئۆتۆمبێل، کافتریا و ...هتد).

3. ڕاگەیاندن دەتوانێ بە چەند شێوازێکی جیاواز پەیامی بۆ پێکهێنان و گۆڕینی ئاڕاستەی وەرگرانی بخاتەڕوو، وەک (پەیامی نوسراو لەڕێگەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان)، (پەیامی بیستراو لەڕێگەی ڕادیۆکان)، (پەیامی بینراو لەڕێگەی تەلەڤزیۆن و کەناڵە ئاسمانییەکان).

**باسی چوارەم/ ڕاگەیاندن و کۆمەڵگای مەدەنی.**

**یەکەم: پێناسەی کۆمەڵگای مەدەنی.**

وشەی (مەدەنی) لە ووشەی (المدینة)ی زمانی عەرەبی بەمانای (شار) وەرگیراوە، کە ئاماژەیە بۆ دۆخێکی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتووری ئەوتۆ کە قۆناغی خێڵ، هۆز، تیرە و ئاینزای جێهێشتبێ.

بەکارهێنانی ئەم چەمکە لەکۆتاییەکانی سەدەی هەژدەدا زیاتر پەرەیسەند، بەتایبەت لە چوارچێوەی توێژینەوەکانی زانستی کۆمەڵناسی و مرۆڤناسیدا، بەشێک لە زانایان بۆ بنیادنانی تیۆرێکی سەربەخۆ لە بارەی گەشەکردنی کۆمەڵگا بەکاریانهێناوە، یەکێک لەم زانایانە؛ مرۆڤناسی ئەمەریکی (لویس مۆرگان)ە کاتێک لە کتێبەکەی بەناوی (کۆمەڵگای کۆن) ئاماژە بە قۆناغەکانی پێشکەوتنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دەکات و، چەمکی مەدەنیەت بە دواهەمین قوناغی پێشکەوتنەکە لە قەڵەمدەدات، قۆناغەکانیشی بەمشێوە پۆلێنکردبوو: (قۆناغی دڕندەیی، قۆناغی بەربەرێەت، قۆناغی مەدەنییەت).

بۆ پێناسەکردنی چەمکەکەش، دەکرێ بڵێین؛ کۆمەڵگای مەدەنی بریتییە لەو کۆمەڵگایەی کە هەڵگری بیروباوەڕ و بەها و ئاکارگەلێکە کە خەسلەتی خۆبەخشی و خۆشگوزەرانی هاوڵاتیانی لەخۆدەگرێ و، بە دوورە لەو بەهایانەی کە ئاماژەن بۆ خەسلەتی رق و کینە و تورەیی و توندووتیژی و دواکەوتوویی.

**دووەم: تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگای مەدەنی.**

1. بوونی دەستورێکی سەربەخۆ کە لە لایەن گەلەوە دەنگی لەسەر درابێ و، تیایدا سنووری هەر سێ دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادگای تیادا دیارکراوە.
2. کۆمەڵگای مەدەنی خاوەن پەرلەمانێکی سەربەخۆیە و، لەڕێگەی هەڵبژاردنی ئازاد و دوور لە ساختەکاری دامەزراوە.
3. لەکۆمەڵگای مەدەنیدا، یاسا سەروەرە، هیچ کەس و لایەن و حزبێکی سیاسی لەسەرووی یاسا داڕێژراوەکان نییە.
4. لەکۆمەڵگای مەدەنی ریز لە مافەکانی مرۆڤ دەگیرێت و، ئازادییە کەسییەکان پێشێل ناکرێن.
5. لەکۆمەڵگای مەدەنیدا لێبوردەیی و پێکەوە ژیانی ئایینی و نەتەوەیی فەراهەمکراوە.

6. لەکۆمەڵگای مەدەنیدا، ڕێگە بەبوونی فرەلایەنی سیاسی دەدرێت و، ڕێگە لەبوونی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی ناگیردرێ.
7. بوونی دەستاودەستکردنی ئاشتیانەی دەسەڵات.
8. لەکۆمەڵگای مەدەنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن ئازادن و، ژیان و گیانی ڕۆژنامەنووسانیش پارێزراوە.
9. بوونی چالاکی ئازادانەی سەندیکا و ڕێکخراوە پیشەیی و سەربەخۆکان.
10. لەکۆمەڵگای مەدەنیدا، جیاوازی ڕەگەزی بوونی نییە، نێر و مێ لە ڕۆڵبینین و پێگەیان یەکسانن.
11. بوونی ئابووری سەربەخۆ و، هەمەچەشنی لە چالاکییە جیاوازەکانی وەبەرهێنان.

**سێیەم: ڕۆڵی ڕاگەیاندن لەبنیادنانی کۆمەڵگای مەدەنی.**

لە کۆمەڵگای مەدەنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن ئەرکی گرنگیان لە ئەستۆدایە، بۆیە لەو کۆمەڵگایانەدا ئەرکی ڕاگەیاندن پروپاگەندە نییە بۆ دەسەڵات، بەڵکو ئەرکی ڕاگەیاندن خۆی لە چاودێریکردنی دەسەڵاتی بەرێوەبردن دەبینێتەوە و ڕەخنەگرتن لە کەمووکورییەکان یەکێک دەبێ لە ئەرکە گرنگەکانی، بۆ بەدیهێنانی ئەم کۆمەڵگایە؛ دەبێ ڕاگەیاندن بەبێ گوێدانە هیچ هەستیارییەک، یاخود ترس و گومانێک، یان هەر پێشهاتێکی سیاسی، یاخود کۆمەڵایەتی و ئابووری، کاربکات بۆ پێکهێنانی، چونکە ڕاستییەکان چی بن، دەبێ بگوترێن و ڕاگەیاندنکاریش نابێ لەگلەیی و گازاندە سل بکاتەوە، هەروەها دەبێ ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی کۆمەڵایەتی سیاسی بگێرێت بۆ داکۆکیکردن لە ئازادی و سەروەری مرۆڤ، دژی هەموو جۆرە ستەم و پەراوێزخستنێک ڕۆڵببینی، هەروەها دەبێ ڕۆڵێکی گرنگی هەبێت لە ڕزگارکردنی کۆمەڵگا لە نەزانی و هەوڵبدات هزری کۆمەڵگا لەخورافیات و ئەفسانە ڕزگار بکات، هەروەها دەبێ راگەیاندن چەمکە مرۆییەکانی وەک لێبوردەیی و پێکەوەژیان و مرۆڤدۆستی و ژینگە و ئاژەڵپارێزی پەرەپێبدات و، هۆکارێکیش بێت بۆ پەرەپێدانی هوشیاری لەسەرجەم بوارە جیاوازەکانی ژیان، چونکە بۆ بنیادنانی کۆمەڵگای مەدەنی پێویستە تاکەکانی کۆمەڵگا هوشیارییان لە ئاستێکی بەرزدابێت و واقیع بەشێوازێکی ئەقڵانی بخوێننەوە، نەک لەژێر کاریگەری هەست و سۆز بڕیاربدەن، تا لەڕێگەیەوە بتوانن ئازادی و مافەکانیان بەدەست بێنن و لە هەوڵدابن بۆ درووستکردنی کولتووری مەدەنی.

هەروەها دەبێ ڕاگەیاندن لەڕێگەی پەخشکردنی پرۆگرام و بەرنامەی نوێ و سەردەمیانەوە بەشێوازێک کاریگەری لەسەر تاکەکانی کۆمەڵگا درووست بکات کە هەڵسوکەوت و ڕەفتاری ڕۆژانەیان لە نەریتیی و کۆنپارێزییەوە بگۆڕێت بۆ مەدەنی و شارستانیانە، تاوەکو لەگەڵ ژیانی سەردەمدا بگونجێن و لە کاروانی پێشکەوتنەکانی دنیا دانەبڕێن.

**باسی پێنجەم/ ڕاگەیاندن و ئافرەت.**

**یەکەم: ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە گرنگیدان بە ئافرەت.**

ڕاگەیاندن بەکۆی ئامرازە جیاوازەکانییەوە (خوێندراو، بیستراو، بینراو، ڕاگەیاندنی نوێ) دەتوانێ لە پانتایی فراوانەوە پەرە بە تواناکانی ئافرەتان بە گشتی و، پرسەکانی پەیوەست بە جێندەر لە کۆمەڵگا بدات، لەم چوارچێوەیەشدا، نموونەی ئەو شێوازانە دەخەینەڕوو کە دەکرێ ڕاگەیاندن رۆڵی گرنگ و کاریگەری تێدا بگێڕیت؛

1. هاندانی ئافرەت بۆ خوێندن و بەرزکردنەوەی ئاستی رۆشنبیری و مەعریفیان.
2. گرنگیدان بە بەشداریکردنی ئافرەت لە چالاکییە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکانی وەک (کاری رێکخراوەیی، وەرزش، چالاکی ژینگەیی و کاری خۆبەخشی... هتد) و، هەروەها هاندانی ئافرەت بۆ بەدەستهێنانی پێگەی کۆمەڵایەتی جیاواز لە کۆمەڵگادا.
3. گرنگیدان بە بەشداری سیاسیی ئافرەتان لە چالاکی و پارت و ڕیکخراوە سیاسییەکان، تاوەکو ئافرەتانیش شانبەشانی پیاوان لەڕێگەی پارتە سیاسییەکانەوە بەشداری و چالاکی سیاسیی کارایان هەبێت و بچنە پەرلەمان و بەشداربن لە دارشتنی ئەو پرۆژە یاساییانەی پەیوەستن بە مافەکانیان.
4. گرنگیدان بە کارکردنی ئافرەت شانبەشانی پیاوان و، بەدەستهێنانی پێگەی ئابووری جیاواز لەلایەن ئافرەتانەوە، وەک بەشداریکردن لە چالاکی بازرگانی و، دامەزراندنی پرۆژەی ئابووری جیاواز.
5. گرنگیدان بە بەشدارپێکردنی ئافرەت لە میدیا، شانبەشانی پیاوان، بەبێ جیاکاری ڕەگەزی و پێشێلکردنی مافەکانیان.
6. گرنگیدان بە ئەرکی پەروەردەکردنی منداڵ لەلایەن دایکانەوە، ئەمیش لەڕێگەی پێشکەشکردنی پرۆگرامی کۆمەڵایەتیی و پەروەردەیی تایبەتەوە.
7. گرنگیدان بە خێزان، خستنەڕووی ڕۆڵ و گرنگی هەر یەکێک لە هاوسەران بۆ بەرێوەبردنی کاروباری ڕۆژانەیان.
8. ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو نەریتە دواکەوتووانەی کە لە ئاستی نزمەوە لە پێگە و رۆڵی گرنگی ئافرەتان دەڕوانن.

9. ئاڕاستەکردنی پیاو و ئافرەت بۆ گرنگیدان بە بەها کۆمەڵایەتییە بەرزەکانی وەک؛ ڕاستگۆیی، لێکبووردەیی، داننان بە هەڵە، خۆشەویستی، وەفاداری...هتد.
10. بڵاوکردنەوەی هوشیاری یاسایی سەبارەت بەو برگە یاساییانەی کە تایبەتن بە ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی نێوان پیاو و ئافرەت، لەپێناو دوورکەوتنەوە لە توندوتیژی و پێشێلکردنی مافی یەکتر.
11. بڵاوکردنەوەی هوشیاریی جێندەری، بەوەی پیاو و ئافرەت دوو پێکهاتەی تەواوکەری یەکترن، بەردەوامی و مانەوەی پەیوەندییان پەیوەستە بە ڕێزگرتن و لێکتێگەیشتنی نێوانیان.
12. پێشکەشکردنی پرۆگرامی تایبەت بە ناساندنی ئافرەتانی داهێنەر و نموونەیی، هەروەها ناساندنی ئافرەتانی ناوداری کورد و جیهانی، لەپێناو پەرەپێدانی هزری داهێنان لای ئافرەتی کورد.
13. گرنگیدان بە بڵاوکردنەوەی هوشیاری تەندرووستی، لەپیناو خۆپارێزییان لەو نەخۆشیانەی تایبەتن بەئافرەت.
14. گرنگیدان بە ژیانی ئافرەتانی لادێنشین و، خستنەڕووی گرنگی ڕۆڵیان لەبەرەوپێشبردنی کۆمەڵگا، بەتایبەت لەڕۆڵی ئابووری و زیادکردنی بەرهەمی کشتووکاڵی و گرنگیدان بە بەرهەمی ناوەخۆیی.
15. پێشکەشکردنی پرۆگرامی تایبەت بە یادکردنەوەی ڕۆژەکانی پەیوەست بە ئافرەتان، وەک (ڕۆژی جیهانی ئافرەتان و ڕۆژی جیهانی دایک و ڕۆژی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان و رۆژی باوک).

**دووەم: ئاستەنگە کۆمەڵایەتییەکانی بەردەم بەشداریکردنی میدیایی ئافرەتان.**

مەبەست لە ئاستەنگە کۆمەڵایەتییەکان، کۆی ئەو بەها و پێوەرە کۆمەڵایەتی و فشارە دامەزراوەییانەن کە ڕێگرن لەبەردەم بەشداریکردنی میدیایی ئافرەت لە کۆمەڵگادا، نموونەی ئەو فشار و ئاستەنگە کۆمەڵایەتییانە زۆرن، دەکرێ دیارترینیان لە چەند خاڵێکدا بخەینەڕوو؛

1. تێڕوانینی کۆمەڵگا بۆ سروشتی کاری میدیایی ئافرەت بەتایبەت ئەوەی کە پەیوەندیدارە بە گەشتکردن و مانەوە لە دووری خێزان.
2. تێڕوانینی کۆمەڵگا بۆ ناجێگیری ماوەی کارکردنی ئافرەت لە میدیادا، بەمانایەکی تر؛ ڕەتکردنەوەی کارکردنی میدیایی ئافرەت تا درەنگانی شەو.

3. ڕەتکردنەوەی کارکردنی ئافرەت لەگەڵ پیاو لە چوارچێوەی دامەزراوە میدیاییەکاندا.
4. بەکەم سەیرکردنی ئافرەتی میدیاکار لەلایەن کۆمەڵگاوە، توانج لێدان و سوکاتیپێکردنیان لەلایەن بەشێک لە ئەندامانی کۆمەڵگاوە...هتد).
5. دەستدرێژی و گێچەلی سێکسی لە چوارچێوەی دامەزراوە میدیاییەکانەدا.
6. جیاکاری جێندەری لە ڕووی مووچە و کاتی کارکردنیان.
7. پشتگوێخستنی توانای ئافرەت لەسەر بنەمای جیاکاری ڕەگەزی...هتد، بۆ نموونە؛ فڵان ڕاگەندنکار لەبەرئەوەی ئافرەتە نابێت ببێ بە بەڕێوەبەری کەناڵ، یاخود بەڕێوەبەری بەش و یەکە جیاوازەکان.

**سێیەم: وێنەی ئافرەت لە ڕیکلامدا.**

ڕیکلام کە بەرهەمی کۆمەڵێک تەکنیکی هونەری و زانستی جیاوازە، ڕاستەوخۆ کاردەکاتە سەر ناخی جەماوەر، بۆیە وەک هێزێکی میدیایی کاریگەر ناتوانرێ دەستبەرداری بین، هەر لەبەرئەوەشە؛ زۆرێک لە کۆمپانیا و دامەزراوە بازرگانییە بەرفراوانەکان بەشیکی زۆری سەرمایەکانیان بۆ ڕێکلامکردن و بەبازارکردنی کاڵاکانیان خستۆتەڕوو.

ئەم هێزە میدیاییە کاریگەرە، دەکرێ لەڕێگەیەوە پەیامی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و ئابووریی و ڕۆشنبیری گرنگی لێوە ئاڕاستەی جەماوەر بکرێت، لەگەڵیشدا؛ گەر هیچ چاودێری و بەدواداچوون و بەرپرسیارییێتییێکی ئەخلاقی و پیشەیی بەدواوە نەبێ، پەیامی گرنگ و کاریگەری ئەم هێزە رووەو ئاڕاستەیەکی نەرێنی دەچێت و بەزیانی کۆمەڵگا دەکەوێتەوە، لەم باسەدا، ئەوەی مەبەستمانە تیشکی بخەینە سەر، خراپ بەکارهێنانی جەستەی ئافرەتە لەکاتی ئامادەکردنی پرۆسەکە.

زۆرجار ڕاگەیاندن بۆ ئەم شێوازە ڕێکلامەکردنە، تیۆری ئازادی بە بیانوو دەگرێ، بەوەی کە ئافرەت ئازادە لەوەی جەستەی خۆی دەربخات یاخود داپۆشێت، لەڕاستیدا ئەم ئازادییە وا لە ئافرەت دەکات وەک بوکەڵەیەکی وروژێنەر دەربکەوێت و بۆ مەبەستی بازرگانی و ڕەواجدان و بەبازارکردنی کاڵا و شتومەکەکان بەکاربهێنرێت، بەبێ ئەوەی کاڵا ڕێکلام بۆکراوەکە پەیوەندییەکی ئەوتۆی بە بەکارهێنانی جەستەی ئافرەتەوە هەبێت.

بەمەش ناوەڕۆکی ڕیکلام لەو پەیامە دوور دەکەویتەوە کە ڕیکلام مەبەستییەتی بۆ خزمەتی کۆمپانیا و جەماوەر و کۆمەڵگاکەی پێشکەشی دەکات، بەم هۆکارەوە؛ وێنەکە لای جەماوەر بەشێوازێک دەبێ کە پشت ئەستوور بێت بە هێزی سێکسی لەڕادەبەدەر و جوانییەکی جەستەیی بێهاوتا و هەندێکجار جوانییەکی دەستکرد، بەبێ گەڕانەوە بۆ پێگە و بیرکردنەوە و ئەقڵ و ژیریی ئافرەتان لە کۆمەڵگادا.

وێنەی وروژێندراوی جەستەی ئافرەت لە زۆربەی بوار و لایەنە جیاوازەکانی ڕێکلامکردنی داگیرکردووە، وێنەکە؛ جەستەیەکە هەموو کاڵایەک دەفرۆشێت، لە پێداویستییە سەرەتاییەکانی ژیانەوە بیگرە، تا دەگاتە ئۆتۆمبێل و فرۆکە و ...هتد.

لەئەنجامی هەموو ئەمانەشدا، دەبینین مەنتقی بازرگانی بەسەر ڕەوشت و، مەنتقی قازانج لەسەر حسابی بەها و، خراپ بەکارهێنانی چەمکی ئازادی لەسەر حسابی پەیامی پەروەدەیی و ڕۆشنبیری زاڵ دەبێ.

لەم چوارچێوەیەشدا؛ کەسێتی ئافرەت بە شێوازێک پێناسەی بۆ دەکرێ، وەک ئەوەی مرۆڤێک بێ تەنیا بۆ بازرگانیکردن سودی هەبێت، هەندێک کات ڕێکلام وەک مرۆڤێکی ساویلکەی بێ ئەزموون ئافرەتمان پێ دەناسێنی، بەجۆرێک وێنای ئافرەتمان بۆدەکێشێ کە مرۆڤێکە جگە لە خواردن و خواردنەوە و جوانکاری، هیچ شتێکی دیکە نازانێت.

پێگەی ئافرەت لەکۆمەڵگا تەنیا جەستەیەکی سێکسی وروژێنەر نییە، وەک ئەوەی لە ڕێکلامەکاندا وێنای بۆ دەکرێ، بەڵکو ئەو دایکەیە کە ئەرکی پەروەردەکردن و پێگەیاندنی نەوەی ئایندەی کۆمەڵگای لە ئەستۆگرتووە، ئەو خوشک و هاوسەر و کچەشە کە لەپێناو جوانترکردنی ژیان یەزدان بە پیاوی بەخشیووە.

ئەم شێوازە بەکارهێنانەی وێنەی ئافرەت لە کۆمەڵگا لە ئەنجامی کۆمەڵێک هۆکارەوەیە، دەکرێ گرنگترینیان لەمانەی خوارەوەدا بخەینەڕوو؛

1. **خودی ئافرەت**: بێکاری و نەخوێندەواری و نا ڕۆشنبیری لە لایەک و، خواستی بەناوبانگ بوون لە لایەکی تر، ئەمانە لە سەرەکیترین ئەو فاکتەرانەن کە وادەکات ئافرەتان خودی خۆیان هۆکار بن بۆ ئەو بەکارهێنانە نەگونجاوەی جەستەیان لەکاتی ڕێکلامەکاندا.
2. **کۆمپانیاکانی تایبەت بە بواری ڕێکلام و ئامرازەکانی ڕاگەیاندن**: هەندێک کات کۆمپانیا و ئامرازە جیاوازەکانی ڕاگەیاندن بەبێ هەستکردن بە بەرپرسیارێتی پیشەیی و ئەخلاقییان، هەروەها بەبێ

لەبەرچاوگرتنی کولتوور و پێوەری ڕەسەن و بەها باڵاکانی کۆمەڵگاکانیان، تەنیا لەپێناو دەسکەوتنی بڕێک قازانج؛ پەنا دەبەنە بەر ئەم شێوازە ریکلامکردنە.

3. **دەوڵەت:** دەکرێ نەبوونی چاودێری دەوڵەت بەسەر کۆمپانیا و ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بە هۆکارێکی دیکەی گرنگی خستنەرووی ئەو وێنە نەشازەی ئافرەت لە ڕێکلامەکان لەقەڵەم بدرێت.

لەکۆتایشدا، ئەم شێوازە نێشاندانەی وێنەی ئافرەت لە ڕێکلامەکاندا، هەروا بە ئاسانی و بەبێ کاریگەری تێناپەڕێت، بەڵکو چەند کاریگەرییەکی نەرێنی بەسەر کۆمەڵگادا جێدێڵن، دەکرێ گرنگترینیان لەم خاڵەنەی خوارەوە بخەیەنەڕوو:

1. بەرزبوونەوەی نرخی کاڵا ڕێکلام بۆ کراوەکە، ئەمیش بۆ هۆی ئەو تێچوونە زۆرەی لەکاتی ئامادەکردنی کاڵای ڕێکلام بۆ کراو خەرج دەکرێ.
2. لاسایکردنەوەی منداڵ و هەرزەکاری کچ بۆ ئەم وێنە نەشازەی کە لەرێگەی ڕێکلامەکانەوە فێری دەبن، بەم هۆکارەوە ڕەنگە بەشێک لە ئافرەتان خواستی ئەنجامدانی نەشتەرگەری جوانکارییان لەلادا دروستبێ، کە ئەمەش خۆی لەخۆیدا؛ جگە لەوەی لە ڕووی داراییەوە تێچووی زۆرە، لەرووی تەندروستیشەوە ڕەنگە کاریگەری خراپی لەسەر باری تەندرووستیان درووست بکات.
3. ونبوونی داخوازییەکانی ئافرەت لە کۆمەڵگادا و، هەروەها بەخشینی وینەیەکی ناکۆک بە بەراورد لەگەڵ ئەو وینە ڕاستەقینەیەی کە ئافرەت لە کۆمەڵگادا هەیەتی، ئاساییە ئافرەت خواستی جوانکاری هەبیت و ئارەزوو بکات بە ڕووخسار و لەشولارێکی جوانەوە دەربکەوێت، بەڵام نابیت ئەمە لەسەرووی هەموو بایەخپێدانیکەوە بێت.

**باسی شەشەم/ ڕاگەیاندن و گەندەڵی.**

**یەکەم: پێناسەی گەندەڵی.**

گەندەڵی (Corruption) دیاردەیەکی (کۆمەڵایەتیی، سیاسیی، ئابووریی) کۆنە، کەم تا زۆر؛ لە تەواوی کۆمەڵگا مرۆڤایەتییەکانی دنیا بەربڵاوە، ئەم دیاردەیە پێناسەی زۆر و جیاوازی بۆ خراوەتەڕوو، یەکێک لەو پێناسانەش، پێناسەی ڕێکخراوی شەفافییەتی نێودەوڵەتییە کە دەڵێت؛ گەندەڵی بریتییە لە خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتی متمانە پێکراو، لەپێناو بەرژەوەندیی و دەستکەوتی کەسی.

**دووەم: جۆرەکانی گەندەڵی.**

1. گەندەڵی گەورە: مەبەست لە گەندەڵی گەورە، ئەو گەندەڵییەیە کە کەسێکی خاوەن دەسەڵاتی باڵا بەئەنجامی دەگەیەنێت، وەک؛ (سەرۆکی دەوڵەت، سەرۆکوەزیران، سەرۆکی پەرلەمان، داواکاری گشتی، وەزیر، دادوەر، بەڕێوەبەری گشتی).
2. گەندەڵی بچووک: ئەو گەندەڵییەیە کە بەڕێوەبەری فەرمانگەیەک، یاخود مامۆستایەک، یان فەرمانبەرێکی ئاسایی لەبەرامبەر کارێکی نائاسایی ئەنجامی دەدات و بڕێک پارە، یاخود کاڵایەک وەردەگرێ.

**سێیەم: شێوازەکانی گەندەڵی.**

1. **بەرتیل.**

بەرتیل (Bribery) بە یەکێک لە دیارترین شێوە باوەکانی دیاردەی گەندەڵی دەناسرێت، بەرتیل وەرگرتن و بەرتیل پێدان بە شێوازی جیاواز ئەنجامدەدرێ، لە وانە؛ پێدانی بڕێک پارە بە فەرمانبەرێک لەپێناو دەستکەوتنی مافێک کە شایستەی وەرگرتنی نەبێ، وەرگرتنی بڕێک پارە لەبەرامبەر خۆدزینەوە لە ئەنجامدانی ئەرکێکی دیاریکراودا، ناچارکردنی خاوەن مافێک بۆ دەستبەرداربوون لە مافەکەی لەبەرامبەردا بڕێک پارەی پێ بدەیت، ڕاینەکردنی مامەڵەی هاوڵاتی بەبێ وەرگرتنی بەرتیل...هتد.

2. **واستە و خزمخزمێنە.**

واستە و خزمخزمێنە (Nepotism)، واتە ئەنجامدانی کارێک (جا ئەم کارە پێدانی پارە، پۆست، زەوی یاخود پرۆژە) بێ لەپێناو بەرژەوەندی کەسێک یاخود گرووپێک، بەبێ لەبەرچاوگرتنی توانا و شارەزایی کەسەکە یاخود گرووپەکە، تەنیا لەسەر بنەمای ئەوەی کە کەسی وەرگر خزم یاخود هاوڕێ، یان کەسێکی نزیکی بەرپرسەکەیە، بۆ نموونە دامەزراندنی کەسێک لەسەر بنەمای خزمایەتی و ناسین، بەبێ لەبەرچاوگرتنی توانا و شارەزایی و پسپۆڕییەکەی.

3. **دزینی پارە و موڵکی گشتی**

دزینی پارەی گشتی دەوڵەت بە چەند شێوازێک ئەمجامدەدرێ، وەک (دزینی ڕاستەوخۆی پارەی دەوڵەت، بەهەدەردانی پارەی دەوڵەت بۆ بۆنە و ئاهەنگ و کاروباری کەسیی، بەخشینی خزم و هاوڕێ و کەسی نزیک لە پێدانی باج، کڕینی کەلوپەل و پێداویستییەکانی فەرمانگە بە نرخی خەیاڵی و بەرز، بەکارهێنانی ئامێر و کەلوپەل و ئۆتۆمبێلی دەوڵەت بۆ کارووباری تایبەت و کەسی، واژووکردنی گرێبەستی ناڕوون لەگەڵ کۆمپانیای هاوڕێ و خزم و کەسی نزیک... هتد).

**چوارەم: ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە بەرەنگاربوونەوەی دیاردەی گەندەڵی.**

لەکۆمەڵگادا ڕاگەیاندن بەیەکێک لەئامرازە گرنگەکانی بەرەنگاربوونەوەی دیاردەی گەندەڵی هەژماردەکرێ، بەڵام بەر لەوەی ڕاگەیاندن خۆی بۆ بەرەنگاربوونەوەی دیاردەی گەندەڵی تەرخان بکات، پێویستە دەوڵەت هاوکار و هەماهەنگی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بێت بۆ دەست گەیشتنیان بەراستی و درووستی زانیارییەکان، تاوەکو راگەیاندنیش بەو پەری بەرپرسیارێتییەوە؛ وەک دەزگایەکی نیستیمانی و چاودێر کار بۆ بەرەنگاربوونەوەی دیاردەکە بکات، بۆ بەرەنگاربوونەوەی دیاردەی گەندەڵیش، دەکرێ راگەیاند بەچەند شێوازێک کار بۆ بەرەنگاربوونەوەی دیاردەکە بکات؛

1. خستنەرووی ئەزموونی ئەو وڵاتە پێشکەوتووانەی کە تا ئاستێکی بەرز ڕێژەی گەندەڵیان لەوڵاتەکانیاندا کەمکردۆتەوە، تاوەکو ببێ بە هاندەر بۆ ئەوەی تاکەکانی کۆمەڵگا خۆیان بە دوور بگرن لە هەر هەڵوێست و ڕەفتارێکی گەندەڵکارانە.

2. پەرەپێدانی هەستی بەرزی نیشتیمانپەروەری و خۆشەویستی بۆ خاک و نەتەوە لای جەماوەر و، لەگەڵیشدا هاندانیان بۆ خۆ بەدوورگرتن لە دیاردەکە و بەرەنگاربوونەوەشی، چونکە گەندەڵی دیاردەیەکە کاریگەریی گەورەی دەبێت لەسەر بنیادی کۆمەڵگا و، هۆکارێکیشە بۆ تیکچوونی سەقامگیری و ئاسایشی کۆمەڵایەتی و نیشتیمانی وڵات.
3. لەکاتی بەدواداچوونی کەیسەکانی پەیوەست بە گەندەڵی، دەبێ ڕاگەیاندن ورد و ڕاستگۆ و بێلایەن بێت، بەبێ بەڵگەی سەلمێنەر؛ تۆمەت بۆ هیچ کەسێک هەڵنەبەستێ و، بەبێ بنەما ناوی هیچ لایەن و گرووپێک لە کەدارنەکات، چونکە تۆمەت هەڵبەستنی بێ زانیاری و بێ بەڵگە؛ نەک خزمەت بە ڕەوشی بەرەنگاربوونەوەی دیاردەی گەندەی ناکات بەڵکو هۆکارێکیش دەبێ بۆ لەدەستدانی متمانەی دامەزراوەکە لای جەماوەر.
4. لەڕێگەی بڵاوکردنەوەی هوشیاریی کۆمەڵایەتییەوە، بەتایبەت هوشیاریی یاسایی و پێناساندنی برگە و سزا یاساییەکانەوە؛ تاکەکانی کۆمەڵگا ئاگادار بکات لەو سزایانەی کە لەبەرمبەر گەندەڵی بەگشتی و، دزیکردن لە موڵکی گشتی و بەرتیل و واستەکاری بۆ ئەنجامدەرانی دەستنیشانکراون.
5. دەکرێ لەڕێگەی بەها و پێوەرە کۆمەڵایەتییە بەرز و رەسەنەکان، بەتایبەت بەها ئایینیە پیرۆزەکان؛ جەماوەر فێری رەوشتە بەرز و جوانەکانی وەک ڕاستگۆیی، دەستپاکی..هتد بکرێت و، هانی دوورکەوتنەوەیان بدات لە رەفتار و هەڵوێستی گەندەڵکارانە.
6. بەرەنگاربوونەوەی دیاردەی گەندەڵی و گەندەڵکاران؛ ئەرکێکی ئاسان نییە، بەڵکو زۆریش سەخت و دژوارە، بۆیە دەبێ راگەیاندن و ڕاگەیاندنکاران لەکاتی مامەڵەکردنیان لەگەڵ دیاردەکە بوێر و چاونەترس بن، لەبەرامبەر چاوسورکردنەوە و هەڕەشە و بەرتیل؛ خۆراگر بن و، چاوپۆشی و بێدەنگی هەڵنەبژێرن.